# پۆست- ڕەفراندەم و کولتووری دیپلۆماسی و بڕیاردان

کازیوە ساڵح

٢٠١٧

# پۆست-ڕەفراندەم[1] و کولتووری دپلۆماسی و بڕیاردان

کازیوە ساڵح

بەم شێوەیە لە سەرچاوەدا بەکاری بهێنە:

ساڵح ، کازیوە (٢٠١٧). پۆست ڕەفراندەم و کولتووری  دپلۆماسی بڕیاردان.

https://zsd.academia.edu/KaziwaSalih

تکایە کاتێک ئەم بابەتە ئەخوێنیتەوە ئەوە لە بەر چاو بگرە کە بەر لە مردنی مام جەلال و بە دەستەوە دانی کەرکوک و کوردستان نووسراوە. هە تا من بۆ گۆڤارێکی گونجاو ئەگەڕام بۆ بڵاوکردنەوەی (چوون ئەم جۆرە نووسینە درێژانە نووسینی ڕۆژنامە و ماڵپەڕنین) لە فەیس بووکەوە لە خەڵکم ئەپرسی بۆ بڵاکراوەی گونجاو، هاوکێشەکانی کوردستان بە لایەکدا ڕۆشتن کە ورەکوژ بێت بۆ هەموومان. ئێمە واین بڕیاری نیوە موچەیەک بە شەش مانگ ئەدرێت، بڕیاری کوشتنی کۆمەڵێک بە شەش چرکە. ڕووداوەکان لە من خێراتر بوون. ئیتر حەز و نیازێکم بە باتەکە نەما هەتا پیاچوونەوەی ڕێنوسسی بکەم. بۆ کاتەکەش پێم باشە هەروەکو خۆی بمێنێتەوە چوون لەو کاتەدا نووسراوە.

١= ئەم چەمکە ئنگلیزیە و بە ڕەفراندەم ئەخوێنیدرێتەوە نەک ڕیفراندۆم وەکو کورد دەینووسێت، ئەوە ڕێنووسێکی هەڵەیە و لە گۆڕینی ناوی پلەیتۆ بۆ ئەفلاتۆن و سیمن د بۆڤوا بۆ سیمون دی بۆڤوارد و مۆزەخانەی لوڤێ بۆ لۆڤەر و..تد.تا ئێستا لە نووسینەکانی دیەکەمدا بەو ڕینووسە باوەکانی کورد ڕۆشتووم، بەڵام هەموو جارێک شتێک لە دڵ تەنگی و ناڕەزایەتی ناوەکی بۆ دروست کردووم، بۆیە ئیتر ئەوانەی لە سەرەتای چەقاندنی هەڵەکەدان و نەبوون بە نۆرم وەکو وشە ڕەسەنەکە ئەینووسمەوە.

ناوەڕۆک:

- بەرایی.
- ئامانج.
- کارکردن بە ئەنجامەکانی ڕەفراندەم.
- عێراقی بە سەرچوو.
- تیوری دبلۆماسی گونجاو بە جیهانگیری.
- گۆڕانکاری مێژووی: تیوری نەرمە - دەسەلات(soft power).
- ئایدۆلۆژی سیاسی: ستراتیژی مەزن (Grand Strategy).
- دانووسان و بونیادنانی بەهرە وتوانای دبلۆماسی.
- بێ بەهرەیی دپلۆماسی.
- بە دەوڵەت بوون و تورەبوون.
- تورەبوونی ستراتیژیانە.
- بۆچی ئیسرائیل؟.
- کۆبەند.
- سەرچاوەکان.

بەرایی:

'پۆست'م لە بری 'پاش' ڕەفراندەم، هەڵبژارد چونکە پۆست لە واتایەک زیاتر لەخۆ ئەگرێت و و تەنها 'پاش' قۆناغێک ناگەیەنێت. بە پێی فەرهەنگی ئیکسفۆرد و ویکیش، پۆست کۆنتێکستی هەیە ئەکرێت کاتێکی درێژ خایەنتر بگەیەنێت لەوەی ڕاستەوخۆ پاش ڕووداوێک بگەیەنێت و کۆتایی بێت. مانای بونیادنان و هەواڵ پێگەیاندن یان زانیاریدان و بڵاوکردنەوەش ئەگەیەنێت. بەو شێوەیەی من دەمەوێت ڕاڤەی چەند خاڵێک پابەند بە ڕەفراندەم بکەم و پێم وایە پیویستە ببێت بە قۆناغێکی نوژەنبوونەوە و دروست کردنەوەی سەرەکی بە شێیەک وەکو قۆناغیکی مێژوویی جێگیر بکرێت و ببێت بە مایەی وەرچەرخانێکی درێژخایەن، پۆست بە باشتر ئەزانم. چونکە قۆناغیکی یەکلاییکەرەوەی لەبیرنەچوو دەبێت وەکو چۆن پۆست- مۆدێرن بە هیچ زمانێک پێی نەوترا پاش مۆدێرن، ئەم قۆناغەش بۆ کورد گەرچی بەراورد ناکرێت بە پۆست مۆدێرن لە هیچ ڕوویەکەوە، بەڵام وەکو کاریگەریی 'کات' وەرچەرخانێکی کاریگەر ئەبێت، ئەو کاریگەرییە ئەکرێت ئەریەنی بێت یان نەریەنی قۆناغێکی چەسپیوە.

سەرباری سەدان تەنگژە و ڕێگر و هەوڵدانی ناوخۆش بۆ دروستکردنی دەیان گرفتی دی، ڕەفراندەم بە سەرکەوتوویی ئەنجام درا و دەرئەنجامی چاوەڕواننەکراوی فەراهەم هێنا لە دوو ڕووەوە. ئەوانیش ڕێژەی دەنگدران و یەکگرتوویی و یەکدەنگیی کورد بوو بە هەموو دەنگ و ڕەنگ و ڕەهەندە جیاوازەکانیەوە. ئەم یەکگرتنەش لەو پەرتەوازیی و بێ متمانەییەیماڵی کورد و مەتبەخی سیاسی هیچ تیا نەکولاوی کورددا، خەونی دێرینە و باوەڕپێنەکراوی هەمووان بوو. بە ئاستێك خەڵكێك بە یەقینەوە پێی وابوو ئەنجامی رەفراندەم بە دۆڕان و دەسپێردرێت، هێشتا دەنگی ئەدا بۆ ئەوەی دڵی نەیارانی کورد خۆش نەکات، یان بەو مەفتونییە دەنگیداوە گەر ناوی کورستان و سەربەخۆیی بە ڕاست بە من بدرێت یان بە درۆ، چ جیاوازییەکی هەیە، من بۆی نەمرم با ئەو بژی. نەك بە هۆی کەسێکی دیاریکراو و دەسەڵات و حزبی کوردستانی.

کەواتە ئێمە ئازارێکی هاوبەش لە یەکی نزیکردینەوە و یەکگرتنی چەسپاندین لە پێناوی ئامانجێکی هاوبەش لە ڕێگەی ئامرازێکی ناهاوبەش کە ناوی ڕەفراندەمە. ئامانجی هاوبەشمان سەربەخۆیی کوردستان و دەوڵەتی کوردییە و ئامرازی ناهاوبەش، خودی ڕەفراندەمە کە بە ڕەچاونەکردنی داگیرکەران و نەیاران، دەیان

میدیای جیهانی ئاماژەی بە دەرئەنجامە خراپەکانی کرد، چەندین وڵات گوتیان پشتتان ناگرین، هەر لە ناوخۆدا لە لایەن ژمارەیەک خەڵکەوە و بە بیانووی جیاواز ڕەتدەکرایەوە و لە لایەن ژمارەیەکی زۆرتریشەوە خراوەتە ژێر زەربینی گۆمانەوە، خودی دەوڵەت بوونەکە لە لایەن ژمارەیەکەوە ڕەدەکردێتەوە. بەڵام دواجار، "هێزی مەزن لە یەگرتندایە نەک لە ژمارەدا" (Paine,1776.p ). ئەو هێزەشە دراوسێیەکانی تەزان، چوون وەکو خۆمان بۆ ئەوانیش چاوەڕوانکراوبو کورد بەو یەک دەنگییە دەنگبدات.

پاراستنی هێزی یەکگرتن و پابەند بوون بە یەکگرتنەوە ئاسان نیە، بۆ کوردیش کە مرۆڤی فرە گومان و فرە کەسیەتییە، قورستریشە. بەتایبەت کە ئەم نەخۆشیە دژوارە ڕونتر و کوشندەتر بەدەسەڵاتدارانەوە دیارە هەتا هاوڵاتیان و بە دیاریکراویش نەوەی نوێ. لەسەروو ئەمانەشەوە نەبوونی دیموکراسی و نەزۆکی بەڕێوەبردن و گەندەڵی و بازرگانی مافیایی هەر لەسەرەتاوە گومانی لای هاوڵاتیانی کورد و جیهانیش دروستکرد کە ڕەفراندەم ئامرزاێکە لەلایەن بارزانیەوە بەکار دەهێنرێت بۆ مانەوەی زیاتری خۆی لەسەر کورسی دەسەڵات. هەر ئەمەش وایکردووە کۆمەڵێك لەناوخۆدا خواستیان بێت هەرگیز کوردستان سەربەخۆ نەبێت و ڕەفراندەمیش گەورەترین شەڕ و کاولکاری لێ بکەوێتەوە، تەنها بۆ ئەوەی لەئاستی جەماوەرێکی نەك جیهانی، بەڵکو فەیسبووکی بڵێن قسەی ئێمەڕاست دەرچوو. لێرەدا دووبارەکردنەوەی چەند پرسیارێك ئەکرێت لۆژیکی بێت گەر لەلایەن خەڵکێکی بێ بەرژەوەندییەوە، بەرژەوەندی کوردستان و ئاسایشی خەڵك بەهەند وەرگر وەڵام بدرێتەوە، لەوانە: ئایە ئەم کاتە و ئەو ڕەفراندەمە بۆ باشوور گونجاوە؟ ئایە مەسعود بارزانی لە ئاستی بڕیارێکی لەو جۆرە دایە؟ ئایە بارزانی ڕەفراندەمی وەکو ئامرزی ئامانجەکانی کورد بە کارهێناوە یان بە پێچەوانەوە کوردی بە ئامرزی ئامانجەکانی پشت ڕەفراندەم بەکارهێناوە؟.

## ئامانج:

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە ئەم بابەتە بەنیازەسەرەتا ئەم ئارگیومینتانە رووبخات: (آ) ڕەوینەوەی ئەو دونیا ترسناك و تۆقێنەرەی لە ئێستادا دروستکراوە بە بڕیاردان لەسەر سەربەخۆیی کوردستان نەك هەڵواسین و شکست پێهێنانی ئەنجامەکانی ڕیفراندەم. ئەمە بە مەرجی هەنگاوی لە پێشینە، واتە ئەو هەنگاوە دیپلۆماسیانەی بەر لە ڕەفراندەم پیویستە نرابن (ب) گۆڕینی ئاراستەی دیپلۆماسی باو و سەرجەم سیستمی فەرمانڕەوایی (ج) تورەبوونی ستراتیژی و دەرئەنجامی تورەبوونی ستراتیژیانە. دواجاریش (د) بۆچی پێویستە پشتگیری ئیسرائیل بە هەند وەربگیرێت و ڕێڕەوی میدیای کوردی بەرانبەر پرۆپاگەندەکان بوەستێت.

میتۆلۆژی دیاریکراو بۆ شرۆڤەکان فرەڕەهەندە، چوون ئەم میتۆدە ڕێگەت ئەدات لە چەند میتۆدێك زیاتر بەکار بهێنێت، ئەوانەی لێرەدا بەکاردەهێنرت، زانستی کولتووری و ڕەهەندەکانی سایکۆلۆژیایی کولتورووی و زانستی سیاسی تیوری دیپلۆماسی و تیوری Biopolitics هەیە، کە تیورییەکی فۆکۆیە بۆ گوزارشتکردن لە کاریگەریی ڕووبەری سیاسی لە سەر سەرجەم پێگەکانی ژیانی مرۆڤ. هەروەها میتۆدی ئەتنۆگرافی کە ڕێگە بە بەکارهێنانی چیرۆك، دیدار و بەسەرهاتی نووسەر ئەدات ببێت بە بەشێك لە تەواوکاری نووسین. دواجار ئەم نووسینە تەنها دەروازەیە بەڕووی ڕووداوەکانی ئەم دواییەدا، شرۆڤەی هەموو لایەنە کولتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی دنیای کوردی و لەوانەیە بەکتێبێك بتوانم تا ئاستێك مافی چەمکەکان و دووداوەکان ببەخشم نەك بابەتێك.

## کارکردن بەئەنجامەکانی ڕەفراندۆم:

لە وتارێکمدا ساڵی ٢٠١٠ نووسراوە[2] و ساڵی ٢٠١١ کورتەیەکی لە ماڵپەڕەکاندا بڵاوبووەتەوە نووسیومە: "[3] پێم وایە هەتا ساڵی ٢٠١٢ شەڕێکی خوێناوی دروست دەبێت وەکو سەرەتایەک بۆ شەڕی جیهانی سێهەم. زەمینەی ئەو شەڕەش ماوەی پینج ساڵە لەبارە و هەموو ئەو فاکتەرانەی شەڕەکانی جیهانی یەکەم و دووەمی هەڵگیرسان لە ڕووی سیاسی، ئابووری و سۆسیوئیکۆنۆمی و سیستمی بەڕێوەبردنیشەوە نەک هەر ئامادەیی هەیە، بەڵکو لە ترۆپکدایە. دوو فاکتەری

- بۆ ئەوەی لەم بابەتە بە تەواوی بگەیت ، باشترە ئە و بابەتەی ٢٠١٠ نووسراوە لەو سەر ویبلۆگەکەم بخوێنیتەوە.2

[3] https://kaziwasalih.blogspot.ca/2017/10/blog-post_21.html، بەدیهاتنی "خەونی کوردی" بکرێ بە مەرجی لێبووردنخوازی "مەسعود بارزانی.

مێژوویی چوارچێوەی هۆکارەکان دەکێشن، ئەوانیش فاکتەری 'نەریتەتی و فاکتەری مۆدێرنن. " (Salih,2010). هەروەها نووسیومە، "کوردستان گەرمترین ناوچەی شەڕ دەبێت ئەگەر بەم عەقڵە سیاسییە نەزۆکەی ئێستا هێزی سیاسی و ئابوری کوردستان بەڕێوە ببرێت. گەرمترین چونکە کوردستان لە شەڕە بە هێزەکاندا کیانی سیاسی و دەوڵەتی خۆی لە دەستداوە، لەو شەڕانەی لە ڕۆژهەڵاتدا ڕوو دەدات، کە شەڕی بە هێزتر دەبن لە ڕووی تەکنۆلۆژی، هزری کۆمەڵایەتی و سیاسی شەڕکەران، چونکە شەڕی داهاتوو هێزی سەربازی بەڕێوەی نابات، بەڵکو ئەو چینە مام ناوەندیەی لاوان بەڕێوەی دەبات کە ساڵانێکە بوون بە چینی خواروو یان هەژار، بەکورتی شەڕی کویلەکان و دەرمانخواردکردنی کۆیلەکارانە. لەم شەڕانەشدا مەرجێکی زۆر گونجاو و دۆخێکی  زۆر لە بارە جارێکی دی ئەو کیانە بە دەست بهێنێتەوە لە سەر ئاستی کوردستانی گەورە" (Salih,2010).

ئەو کات داعش نەبوو، ئەو خوێندنەوەیە لە سەر ئاستی ئنتمای جیهانیی زلهێزە و ئاستی ئابووریی جیهان و ژمارەی دانیشتوانی سەرزەوی کردبووم، کە بە بڕوای من پێویستی بە شەڕگە و کوشتارێک و وێنەی ئەوانەی جیهانی یەکەم و دووەم هەبوو بۆ ئەوەی هاوسەنگی لە نێوان ژمارەی دانیشتوانی سەر زەوی و ئابووری ڕۆژئاوا دروست بکرێت، بە تایبەت ئەمەریکا کە کەوتبووە ژێر قەرزێکی زۆرەوە. پێشبینییەکەش لە شوێنی خۆیدا بوو، شەڕەکە دروست بوو و  کوردستان بوو بە گەرمترین ناوچەی شەڕ. دەمێنێتەوە سەر پێشبینی دووەم "زمینەی ئەو شەڕە ماوەی پێنج ساڵە" پێشبینی سێهەم "لەم شەڕانەشدا مەرجێکی زۆر گونجاو و دۆخێکی زۆر لەبارە {کورد} جارێکی دی ئەو کیانە بە دەست بهێنێتەوە لە سەر ئاستی کوردستانی گەورە". بۆ یەکەمیان باسێکی گەرم هەیە لە نێوەندی سیاسیی ڕۆژئاواییدا کە داعش تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٨ بە تەواوی لە هەموو شوێنێک کۆتایی دێت. پێشبینی سێهەمیش حکومەتی هەرێم ڕەفراندەمی بۆ کردووە، بەڵام ئایە دەرئەنجامەکەی جێبە جی ئەکات، ئەمە خاڵی سەرەکی ئەم بابەتەیە.

ئەگەر پشتگیریی هاوڵاتیان و پارچەکانی دیکەی کوردستان بکرایە بەکارتی فشار لەسەر بەغدا و نەیاران و هاوپەیمانانی باشوور، قازانجێکی کاتی ئەکرد، بەڵام پاشان بەلایەنی زۆرەوە، دوو ساڵ هاوکێشەکان وەکو خۆیان لێ دەهاتەوە. بۆیە پاراستنی یەکرێزیی کورد و پاراستنی گیانی هاووڵاتیانی باشوور، ئەمجارە لەبەرئەوەی ڕەفراندەم کراوە، بڕیارە چارەنووسسازەکەی دەوێت بەبێ دواکەوتن و

سازشکردن لە سەری، ئەویش بڕیاری سەربەخۆییە ئەگەر هەنگاوی لە پێشینەی بۆ هەڵگیراوە. بڕیارنەدانی سەربەخۆیی، هەمان ئەو کێشانە زیاتریش ئەهێنێتە پێشەوە کە بڕیاری سەربەخۆیی ئەهێنێتە پێشەوە. گەرچی گومانکردن لەوەی هەنگاوی لە پێشینەی بۆ نەنرابێت لە لایەن خەڵکانێکەوە کە لێپسراویەتی ئاسایشی کورد و باشووریان لە ئەستۆدایە، لەوانەیە منیش بباتەوە سەر ئەو نۆرمەی هەموو نەخۆش و بە گومانین، بەڵام کاری لێکۆڵیار و نووسەر پێویستە لە گومانەوە دەست پێ بکات نەک یەقین، ئەگینا پێویست ناکات بە دوای سەرچاوە و شرۆڤەکاریدا بەگەڕێت.

کورد ئەزموونی بڕیارنەدانی تاقیکردوەتەوە و ئامانجەکانیشی بینیوە. لە ساڵی ٢٠٠٣دا لەکاتی ڕوخانی سەدام دا، هەلێك بوو بۆ کورد ڕەخسا کە سەربەخۆیی خۆی ڕابگەیەنێت، زۆر لە شارەزایانی دنیا داوایان لە کورد کرد سەربەخۆیی خۆی ڕابگەیەنێت، نەکرا. هەندێك وای بۆ دەچن ئەو ئاراستەیە تەنها پەیوەندی بە بڕیارنەدانی مام جەلال و قوربانی کردنی کورد بووبێت لە پێناوی پۆست و پارە بۆ خودی تاڵەبانی. بەڵام خوێندنەوەی من بۆ دیدەبینی تاڵەبانی و ئاستی بەهرەی دپلۆماسی ئەو لەچوارچێوەی بڕیاری کەسی تاڵەبانیدا نابینێت. بەڵکو وا مەزەندە ئەکەم ئەو هۆکارانەی ئێستا لەلایەن تاك و گروپەکەکانی دژی ڕەفراندەم و سەربەخۆیی دەیخەنەڕوو و ئەو هەڕەشە و ناڕەزایەتییانەی ئێستا و بەتایبەت بۆچوونی ئەمەریکا زیاتر لەپشت عێراقی بوونەوەکەیەوە بووبێت. بەڵام چوون ئەویش وەکو بەرزانی گرنگی بەدپلۆماسێتیی ناوخۆ، کەپێی دەوترێت دپلۆماسیی گشتی، نەدا Public diplomacy و پەیوەندی بە ڕەزامەندی هاوڵاتیانەوە هەیە، لە ناوخۆداحزبەکەی بەهەڵە مامەڵەیان لەگەڵ بڕیارەکە کرد.

شارەزایانی کەمیونیکەیشن (Fortner & Fackler,2014) پێیان وایە لە سەدا نەوەد 90%ی کێشەکان پەیوەندیی بە چۆنیەتی دەربڕین و دەنگ و تۆنی هەڵەوە هەیە و لە سەدا دە ١٠% پەیوەندی بە بوونی کێشەوە هەیە. ئەمە بۆ ئەو کێشەیەی تاڵەبانی دروست بوو چ لە ڕووی دەنگەوە چۆنیەتی دەربڕینەوە، چ لە ڕووی هەڵبژاردنی وشەوە 'خەونی شاعیرانە'. پاشان حزبەکەی خۆی قوڵتریشی کردەوە و لەبری ڕووخستنی بە شێوەیەکی دروستتر و کارکردن بۆ شکاندنی ئەو کۆسپانەی ترسی بڕیاردانی دروستکردبوو. مەسەلەکە درایە دەست کۆمەڵێك ئەندامی بندیوار

[4] کە دەست بکەن بە تەخوین و گەمژاندن. ئەم دوو دیاردە قێزونەش بەهرەدارترین داهێنان و ستراتیژی دۆڕاوی سیاسیەتی باشوور بووە لە مێژووی فەرمانڕەواییاندا. ئەمەش هەمیشە لەلایەن خەڵکانێکەوە دەخرێنە ڕوو کە حزب پێشتر ئامادەی کردوون لە ڕووی جەماوەرییەوە نەك فکری، بەڵام کۆنتراکتی ئەم دوانە کۆنتراکتی نێوان فرۆشیار و کڕیارە.

ئەم کڕین و فرۆشتنەی نێوان نووسین و پارە لەسەر حسابی کەرامەتی نیشتمان، بوو بەکولتوورێکی فکری و سیاسی و دیموکراسی ساختە و بەگەرمی لە هەموو کایەکاندا گەمە ئەکات، بەئاستێك دەیان گەنجی بێ ئەزموون بوون بەقوربانیی ئەم تیورە ساختەیە کاتێك لەوتندا هەنگاوی ئەوانیان هەڵگرت و پێیان وابوو وەکو ئەوانیش ئاسایشی ژیانیان پارێزراو ئەبێت. کێشە سەرەکییەکان و مەسەلەی دیمۆکراسی و ئازادیی تاك، بە تاکتیکی هەردوو بەرە، فکر برایە دنیای پاڵەوانبازی و جنێودان بوون بەستراتیژی سیاسی و تیوریی یەك پەسەندکردن و مۆراڵی ژیانکردن. هەتا دواجار هەموو شتەکان گەیاندران بەلێواری مەرگ بەخودی دەسەڵاتەکانیشەوە کە خۆیان تیوری مەرگدۆستیان بەرهەم هێنا، هەر ئەمەش بەشێکی گەورەی شکستی پاش ڕەفراندەمی دروست ئەکات.[5] وا هەست ئەکەم هەندێك لە هەمان جۆرە دەربڕین بکەوێتە قسەکانی بارزانی.

بۆیە دۆڵی ڕەش هەڵگەڕاوی ڕۆژنامەوانیی کوردی ئەبوێرم، گەر میدیا بێگانەکان بەسەر بکەمەوە دژی ڕەفراندەم وەستاون، ژمارەیان ئێجگار زۆرترە لەوانەی پشتگیرییان کردووە، دژەکاران بەپێی ڕێژەی زۆر نووسینیان پێك هاتوون لە:

1- میدیای عەرەبی کە بە نەیار هەژمارد ئەکرێت و بۆچوونەکانیان متمانەی ناخرێتە سەر.

2- میدیاکاری ڕۆژئاوای کە بۆ میدیای عەرەبی کار ئەکەن و ئەنووسن، ئەمانیش متمانەیان ناخرێتە سەر و پێویستە بەدڵی خاوەن کارەکەیان بنووسن.

4- ئەندامی بن دیوار ئەو ئەندامانە گوایە لە بەر ئەوەی 'نووسەر، هونەرمەند، رۆژنامەنووسی' وەکو میدیاکانی حزب ناوی ناون 'گەرەی گەلەکەمان'ن پێویستە ئەندام بوونیان بە ئاشکر ا نەبێت و جار جاریش هەردوو بەرە دەنوکێکی بە یەکدا بدەن گوایە دژن و ژێر بە ژێریش لە هەموو هەڵوێست و نسکۆ و دۆڕانێکدا بە بڕێ پارەی زۆر پشتگیریان بکەن. ئەوانەی ڕەتیان کردوەتەوە ببن بە ئەندامی بندیوار ئەزانن ئەم بەرەیە لە حزبەکانی کوردستان ترسناکترن.

5- هەر لە بەر ئەمە و لە وەتەی نووسەری بندیوار بوون بە پاڵەوان، فکر و زانست م١٢ ساڵە نووسینی کوردیم نەخوێندوەتەوە.

3- میدیای ئەمەریکی کە پێك هاتوون لەدوو بەرە: لایەك تەنها بۆ بەرژەوەندی ئەمەریکا و بڕیارەکانی ئەنووسێت و لایەکیش بۆ بەرژەوەندی ئەمەریکا و لە پاڵیشیدا ڕەخنەی بونیادنەر لە کورد ئەگرێت و لەبەر ئەوەی کورد بەکارتێکی باش و دۆستی ئەمەریکا ئەزانێت، ئاماژە بەکورتبینیەکانی ئەدات و هانی ڕێکخستن و پەرەپێدانی ستراتیژی سیاسی دروستی ئەدات.

4- میدیای ئیسرائیلی، کە زیاتریان داکۆکی لە سەربەخۆیی کوردستان ئەکەن. ئەمەشیان خوێندنەوەی سیاسی لە سۆزی میدیای وردتری بۆ بکرێت.

یەکەم خاڵ گرنگە هەر یەک لەم میدیایانە پێویستە لە لایەن دەسەڵاتدارانی باشوورەوە خوێندنەوەی جیاوازی بۆ بکرێت لە عەقڵ و کولتووری کوردی. میدیای دنیا وەکو میدیای کوردی سێبەر و قسەی سیاسەتمەدارەکان نین هەتا وەکو بڕیاری سیاسی یان مەیلی سیاسی لێی بڕواندرێت. پاشان لەوانەی کەوتوونەتە بەرەی دووەم، لە ڕۆژنامە بیانیەکاندا و بۆچونەکانیان پێوستییەکی گرنگن بۆ پرسی ڕەفراندەم، مەسەلەی دیمۆکراسی بوو کە لەلاین (واشنتن پۆست، تایم، مەترۆ)وە، ورۆژێنرابوو. نووسیبوویان پێویستە دیموکراسی بەر لەسەربەخۆیی و ڕیفراندۆم بخرێت.

نامەوێت بچمە سەر چەمکی دیموکراسی کە خۆی چەمکێکی پڕ کێشمە و پرسیارە. بەڵام بە تێگەشتنە باوەکەی ئەم تێبینیە نەك هەر دروستە، مەرجیشە بۆ مانەوەی ئەو دەوڵەتانەش کە هەن و هەبوون. عێراق تەنها دەوڵەت نەبوو، دەوڵەمنترین و بەهێزترینیش بوو، لە نەبوونی دیموکراسیدا ئەمرۆ دێیەکی گەورەش نیە، نرخی شارۆچکەیەکی ئارامی نیە. بەهای سەربەخۆیی لە چەندایەتییدا نیە، لە چۆنایەتیدایە. عەرەب سەروو بیست و پێنج دەوڵەتی هەیە، بەدنیاشدا بڵاوبوونەتەوە، لە هەر دەوڵەتێکی بێگانەشدا هەوڵی دروستکردنی دەوڵەتگەیەك و سەپاندنی شەریعەی ئاینی خۆیان ئەدەن. بەڵام هەموو بەیەك بێگانەن و لە دنیاشدا بوون بەقێزەونترین نەتەوە و ئاین. جولەکەش لە هەموو دنیادا بڵاوبووەتەوە، لە هەموو شوێنێك تاکەکانیان دەبن پێگەی فکر و زانست و تەکنەلۆژی. لە دنیادا یەك دەوڵەتی بچووکی هەیە، دانیشتوانی ئەم دەوڵەتە تەنها سێ ملیون کەسی جولەکەن، بەڵام نەك لەبیست و پێنج دەوڵەتی عەرەبی و هەموو ڕۆژهەڵات، لە کێبڕکی یەکەمی زلهێزدایە بەو ژمارەکەمەوە. ئەم دوو

نموونەیە جیاوازیی نێوان چەندایەتی و چۆنایەتی، دیمکراسی و تاکڕەوی، کولتوری سیاسی و کۆمەڵایەتی ساختە و ڕاستەقینە ئەناسێنێت.

کێشەی دیموکراسی ڕاکێشەر و سەرچاوەی هەموو کێشەکانی دیکەن. کە دیموکراسی هاتە ئاراوە، واتە باس لە میللەتێکی لە ڕووی ناوخۆ و دەرەوە  نائامادە و ناکامڵ ئەکات. ئەو میللەتانەی باوەڕیان بە دیموکراسی نیە، لەڕوانگەی دپلۆماسیشەوە ناکاملن، چوون هەمیشە 'منی باڵا' زاڵە  بەسەر لۆژیک و تیوریی تیگەشتنیاندا. بەم پێیەش بە ڕێنووسکردنی کۆمەڵێک تەلاقنامەیە لەوانەش: تەلاقدانی عێراق و تەلاقدانی تاکڕەوی و بەرقەرارکردنی دیموکراسی: ئەمەش گۆڕانکاریی گەورە ئەخوازێت لە ڕووی دپلۆماسی و دۆخی ناوخۆوە، کە لەمە بەدواوە باسیان ئەکەم.

### عێراقی بە سەرچوو:

عێراق دەرمانێکی بەسەرچووە و تەنها لە دەرمانخانەی دوو توێژدا جێگەی ئەبێتەوە: نەخوێندەوارێک کە ناتوانێت هێڵی سەر دەرمانەکە بە دروستی بخوێنێتەوە، گەمژەیەک کە پێی وایە دەرمانی بە سەرچوویش چارەسەری دەرد ئەکات و لێکرداری لاوەکیشی نیە.  عێراقی دڕندە و بکوژ و جینۆسایدکار بە هەموو ئامراز و پێداویستیەکانی جەنگە یەک لە دوای یەکەکانی و سەکردە فاشیستەکەشی بەرهەمی پشتگیر و چاوپۆشیی ڕۆژئاوابوو. عێراقی ئەمڕۆی توندڕەویی ئیسلامی و خاپورکارییش هەر لە میانەی خواستی ئەوانەوە گەڵاڵە بووە. لە کەوتنی سەدام و سالی ٢٠٠٣وە فەرمانڕەوایانی کورد لە باشور هەردوو ڕۆڵی نەخوێندەوار و گەمژەکەیان بینی لەگەڵ هاوپیماناندا، نەک لە لەبەر ئەوەی پۆست و پارەیان هەڵبژارد، چوون وەکو پێشتر باسمان کرد نازانین چەند نەکەوتنە ژێر فشاری نێو دەوڵەتی، بەڵکو بۆ ئەوەی نەیانتوانی دپلۆماسیتی دروست بەکاربهێنن و یادەوەریەکانی تۆنی بلێریش ئەمە ئەسلمێنێت نەک ڕای کەسی. نەشتوانرا بوونی ئەو پارە و پۆستە بخرێتە خزمەتی دروستکردنی بنەما پتەوەکانی دەوڵەت و سەربەخۆیی کورد. وەکو پتەوکردنی کەرتی ئابووری، دبلۆماسی،  پێشەسازی، سەربازی، زانستی، کولتووری ،کۆمەلایەتی و چارەسرکردنی کورد لە گرێ درونیەکانی پاش شەڕ و جینۆساید بۆ ئەوەی وەکو ئێستا بە گرێ دەرونیەکانی ' Lateral violence[6] ' کۆمەڵگەکەمان لە ناو نەچێت. لە هەموشی گرنگتر

[6] بۆ تیەگشتن لەم چەمکە Lateral violence و چۆنیەتی بوونی لە ناو کورددا ئەم  دوو وتارەم بخوێنەروە.
http://www.emrro.com/lehendranyek.htm لە هەندەران، یەک هاندەر و سێ کوشتن: ژن و ئەنفال و هەڵەبجە.

ئاشتکردنەوەی تاکی کورد لەگەڵ نیشتمانەکەی. بە پێچەوانەوە ئاوڕدانەوەی هاوپەیمانان لە کورد وایکرد غروری کاولکاری سەربکات و ئەو بنەما کەمانەش هاوپێچی ئەو کایانە بوون لە ناوبران.

کۆتایی هاتنی داعش، کۆتایی هاتنی شەڕەکان نیە دژی کورد، بە کۆتایهاتنی داعش هێزێکی دی عەرەبی ناوخۆی تەنها بۆ لە ناوبردنی کورد دروست ئەکریت. وە لەبەرئەوەی دروستکراوی لۆکاڵی/ عەرەبی ئەبێت لە داعش ترسناکتر و دڕندەتر پەرچەکردار بەرانبەر کورد ئەنوێنێت. جگە لەوەی عێراق بشبێتەوە بە عێراقەکەی ٧٠ حەفتا ساڵ بەر لە ئێستا و بەر لە بوونی بەعس، بەو تەکنەلۆژی و هێزی مرۆیەش هەنووکەش ، ئنجا کورد هەموو ئەزموونەکانی لەگەڵ سەمدادا هەیبوو دووبارە ئەکاتەوە تەنها ناوی سەرۆکەکە جیاواز ئەبێت. لە ساڵی ١٩٥٢ وە نوری سەعید پاشای سەرۆکی ئەو کاتەی عێراق وتویەتی وا ئەکەم نەوتی عێراق ببێت بە قازانج و 'نەعمەت' بۆ خەڵکی عێراق (Nakash,2011). بەڵام نە ئەو و نە سەرکردەکانی پاش ئەویش نەیتوانی ئەو هاوکێشەیە بگۆڕێت کە نەبێت بە زیان و 'نعمت' بۆ خەڵکی عێراق. وڵاتێک سوودی بۆ خەڵکە عەرەبەکەی خۆی نەبووبێت چۆن کۆمەڵێکی ئەتنیکی ئەتوانێت لەگەڵیدا بژی کە لە ڕووی سیاسیەوە بە دوژمن، لە جوگرافییەوە بە داگیرکار، لە ئاینیەوە بە جنۆکە و شەیتان و لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بە گەمژە و شاخی سەیری ئەکات.

لە لایەکی دی دەیان بەڵگەنامە ئەکریت بکریت بە پاڵپشت و هەژموونی سیاسی پێ بچەسپێت، کە لە دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەوە هەردوو عێراق و تورکیا هاوپەیمانن بۆ لە ناوبردنی ئەوانەی تورک و عەرەبی ڕەسەن نین. لە نێو سەدانداا بۆ نموونە وەزیری دادی تورکی لە ساڵی ١٩٣٠دا ئەڵێت " من پێم وایە خوداوەند و داوەر و فەرمانڕەوای ئەم وڵاتە پێوستە تورک بێت و ئەو کەسانەش تورکی ڕەسەن نین پیویستە کۆیلە و خزمەتاکر بن " (Sheckmous,2016) بەڵام ئەم قسەیە هەنگاوی لە پێشینەی هەیە هەمان وەزیر لە ٢٣ی ڕێبەندانی ١٩٢٦دا ئەم نێتە بە کۆمسیونی باڵای بەریتانی لە عێراق ئەگەیەنێت و پێشنیازیش ئەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەوێ.

---

http://www.emrro.com/leyadiruxan.htm ە یادی رووخانی دیواری بەرلیندا، بڕووخێ دیواری نێوان سلێمانی و هەولێر.

مانەوەی ئاسایشی گیانی کورد لە هەموو پرەنسیپێک گرنگترە، بەڵام لە بەر ئەوەی یەک نەتەوەیی، یەک زمانی و یەک کولتووری پێداویستی دەوڵەتی نەتەوە بوون و هەمیشەش ئامادەییان ئەبێت. شتێک نیە لەگەڵ سەدام و داعشدا دەستپێکردبێت، کورد هەرگیز ئاسایشی گیانی ناپارێزرێت هەتا دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی ئەبێت. ئێستاش بە تەنک بوونی بەرژەوەندی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتدا، کورد پێویستی بە ٥٠ساڵی دی چاوەڕوانی ئەبێت بۆ هەلێکی لەم شێوەیە. چوون ئەو هەلەی ئەمڕۆ بۆ سەربەخۆیی ڕەخساوە لە مێژووی کورددا یەکەم جارە هێندە خاڵی ئەرێیی لە هەلێکدا بۆ کورد هەبێت، ئەگەر بە چارەنووسی ئەوەی ساڵی ٢٠٠٣ دەسەڵاتی باشوور تەنها دوو بژاردەی لە بەردەستە، یەک: دیسان ڕۆڵی گەمژە و کۆیلەکە دەگێڕێت، بەمەش هەموو ئەو هەلانەی لە ساڵی ٦٠ کانەوە کراون بۆ ئێستا دووبارە ئەبێتەوە؛ هاوڵاتیان لە خۆی و دەسەڵاتەکەی لە ناوخۆدا هاندەدات، بە دەیان یادەوەری دیکەی وەکو ئەوانەی تۆنی بلێر دەنووسرێتەوە، بژاردەی دووهەم ئەوەیە بڕیاری سەربەخۆیی ئەدات و دارشتنی ستراتیجی کارەکانی پاش سەربەخۆیی بە شێوەیەک ئەکات ببێت بە پاڵەوانێکی بێ وێنەی مێژوویی.

با گەشبین بین و وا مەزەندە بکەین ئەزموونی پاش ڕوخانی سەدام، گاڵتە پێکردنی سیاسەتمەدارانی بیانی و ئەزموونی داعش و دەرکەوتنی ڕووی ڕاستەقینەی عەرەب، وانەی سیاسەت و بونیادنانی نیشتمانی بە فەرمانڕەواکانی باشوور داوە و ئەوەی ئەکرێت و کراوە ئامڕاز بوون بۆ گەشتن بە ئامانجە گەورەکەی کورد کە سەربەخۆییە و لە پێداویستیەکانی پاش ڕەفراندەم بە کورتی بنوارین کە گرنگترینیان تیوری دبلۆماسی و ستراتیژی ئایدۆلۆژین.

### تیوری دبلۆماسیی گونجاو بە جیهانگەری:

کە چەمکی دیپلۆماسی دەبیسترێت، وەرگر ئەندێشەی بۆ پەیوەندی سیاسی نێو دەوڵەتی ئەچێت، ڕاستە دپلۆماسی هونەری پەیوەندی نێوان وڵاتانە، کە میونیکەیشن و دانووسانی حکومەت بۆ حکومەت، دەوڵەت بۆ دەوڵەتە. بەڵام ئەوە تەنها بەشێکە لە ئەرک و پێکهاتەکانی دبلۆماسی، ئەرکەکانی دیکە بەستراوە بە پەیوەندی ناوخۆ کە کۆڵەکەیەکی گرنگترە لە پەیوەندی نێو دەوڵەتی و فۆرمەکانی پەیوەندی پابەند بەکولتوور، پێگەی کۆمەڵایەتی، ئابوری و بازرگانی، شەڕ و ئاشتییە، جگە لە جۆرەکانی دیکەی تیوری دبلۆماسی.

ئەمە لە کاتێکدا تیورە باوەکانی دبلۆماسی، بە دبلۆماسی ئەمەریکیشەوە کەتووتە بەر ڕەخنە و پێیان وایە پێویستیان بە پرۆتۆکۆلی دبلۆماسی نوێیە. چوون ئەو گۆڕانکاریە داینامیکیانەی جیهانگەری هێنایە ئاراوە، خواستی کە دەوڵەتانی دنیا پیاچوونەوە و نۆژەنی ستراتیژی دبلۆماسی خۆیان بکەنەوە، چی دی متمانە نەخەنە سەر دبلۆماتیێ لەسەر بنەمای ترادیسۆنی دەوڵەتی نەتەوەیی باو بونیادنراوە، دەنا ڕووبەڕووی مەترسیی سەربازی دەکردنەوە. خواستی ستراتیجی و ترادیسۆنی نوێ لە دەوڵەتی نەتەوە ئەوە بوو بتوانێت ئاسایشی نێو نەتەوەیی بەدروستی بپارێزێت، لەکاتێکدا 'پێشەیی' - پراوێرەتی- بخاتەسەر دبلۆماتی گشتی، نەك تەنها دبلۆماتی نێو دەوڵەتی.

بەبۆچوونی ڕەیچەرد پارکەر(Parker,2009) و ماری بەت یولڕچ (Wood&Coates,2008) کە پسپۆڕی بواری دارشتنەوەی دبلۆماتی ئەمەریکین بۆ ئەوەی توانای دبلۆماتی، دبلۆماتی گشتی بوونیادبنرێت و هەروەها مەترسیە نوێیەکان دوور بخرێتەوە، هاوسەنگی خواستی نوێ گلۆبالیزەیشن و گۆڕانکاریە خێراکان بکرێت، پێویستە پێداچوونەوە لەچوار ڕوانگەی دبلۆماتی بکرێت، ئەوانیش گۆڕانکاری مێژوویی، ئایدۆلۆژی، سیاسی، بەهرەی دانووسان و بونیادنانی بەهرە و توانای دبلۆماسییە، کە ئێستا لە ڕوانگەی سیاسەتی کوردییەوە بە کورتی شرۆڤەیان ئەکەم.

## گۆڕانکاریی مێژووی: تیوری نەرمە - دەسەلات(soft power)

فۆکۆ مودێرنە و ئەم جیهانەی نوێمان بە سەردەمی ئاساییکردنەوەی نائاساییەکان ناوزەد ئەکات، بەو خوداوەندە بینراوەی دەچووێنێت کە جێگۆڕکێ بە شتەکان و دەسەڵاتەکان ئەکات بە دەسەڵاتی قەشە و پیاوی سیاسیشەوە، لەرێ دەرچوونەکان ئاسایی ئەکاتەوە. Foucault, (1976،). کەواتە وەکو چۆن پیاوێکی ئاینی ناتوانێت ئیتر بڵێت تەنها خودا دروستکەری هەموو زیندەوەرەکانە لە کاتێکدا تەکنەلۆژی هەمان کار ئەکات. سیاسیەکانیش ناتوانن بە پاراستنی سنورێکی دەسنیشانکراو، جۆگرافایەک، نۆرمە ئاساییەکانی کۆمەڵگەیەک، بەردەوامبوون و دورخستنەوەی مەترسیەکان بپارێزێت و بەهرەی پێشەوایی خۆیان بسەلمێنن.

مۆدێرنە و جیهانگیری بۆ کەمە نەتەوەییەکان و گروپە ژێردەستەکان هەلی زێڕین بوو. لە هیچ مێژوو و سەردەمێکدا وەکو سەردەمی جیهانگیری و سەرووەری

تەکنەلۆژی دەنگی بێ دەنگ کراوەکان بەرز بە دنیا نەبەخشیوە و نەگەشتووە و دەنگی بۆ کۆنەکراوەتەوە. کورد لە هەمووان بەخت یاوەتری بوو، ئەویش هۆکاری بەرهەمەندیی کورد نەبووە لە قۆستنەوەی تەکنەلۆژیا و جیهانگیری، بەڵکو بە هۆی تەنگوچەڵەمەکانی رۆژهەڵات و بەتایبەت ئەجەندای سیاسی نوێی ڕۆژئاوا بەرانبەر بە ڕادیکالیزمی ئیسلامی. کوردی باشوور لە گەڵ زیاتر لە ٢٥ بیست و پێنج ساڵە فەرمانڕەوایی سەربەخۆ ئەکات، هەتا ئێستاش بە ئاشکرا دیارە تیوری دبلۆماسی و ستراتیژیی سیاسی لە گەڵ ئاڕاستەی سیاسیس جیهان و جیهانگیری هاوسەنگ نیە.

" ئەگەر ئەتنیکی جیاواز نەتوانێت پێکەوە و لە یەك وڵاتدا بژی، دواجار ٥٠٠٠ پێنج هەزار وڵاتمان ئەبێت لە بری ئەو سەد و چەندە.(Ferguson & Mansbach, 2012) ئەمە پێشبینی وارن کریستۆفەر پارێز، دبلۆمات و وەزیری دەرەوەی ئەمەریکایە لەکاتی کابینەی کلنتۆندا، هەر لە ساڵی ١٩٩٣ وە سەرەتای گشتگیربوونی بەجیهانیبوونەوە، پێشبینیی کۆمەڵێك گرفتی ئاسایشی ئەمەریکی و لۆبی جیهانی کردووە. دیارە ئیستا ١٩٥ وڵات لە جیهاندا هەیە ، ٥٤ وڵات لە ئەفریقیا ، ٤٨ چل و هەشت لە ئاسیا ، ٤٤ چل وچوار لە ئەوروپا، ٣٣ سی وشی لە ئەمەریکای لاتین، ١٤ چواردە لە ئۆقیانووس و ٢ لە ئەمەریکای خواروو . لەم ژمارەیە ١٩٣ی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانن و بە فەرمی دانیان پێدا نراوە و دوانیان کە فەلەستن و هۆڵیسین ئەندام نین (worlddometers,2017) .

دەکرێت پەرۆشیی ئەمەریکا بۆ خەونی ئەمەریکی و هێزی خوداوەندی ' زلهێزی یەکەم' لە سۆنگەی بەڕێوەبردنی دیمۆگرافیەوە سەیر بکرێت. بە واتای هەتا ژمارەی وڵاتەکان کەمتر بێت، لە ڕووی سیاسیەوە ئاسانتر کۆنترۆڵ ئەکرێت، لەڕووی ئابورییەوە کەمتریان لە سەر ئەکەوێت، بۆیە هەوڵی ئاساییکردنەوەی نائاسییەکانی دا، بە هەوڵی دارِشتنەوەی دبلۆماسی نوێ و گونجاو لە گەڵ ئەو شەپۆلە نوێیەی کە ناوی فرە کولتوورە دارِشتەوە ناوی نا دبلۆماسیی کولتووری کە بە نەرمە دەسەڵات(soft power)یش ناوزەد کراوە. ئەم چەمکە پێک هاتووە لە گۆڕینەوەی کولتووری لەنێوان دوو وڵات و لایەنی جیاوازدا وەکو گۆڕینەوەی هونەر، وێژە، زانست، وەرزەش، خواردن، زانیاری و ئایدیا. بە ماکدۆناڵدکردنی دنیا بە ئەمەریکاکردنی دنیا ئەگرێتەوە، کە تەنها لە ڕێگەی خواردنێکەوە بە بەڕێوبردنێکی جیهان، ئامرازەکانی جیهانگیری کارئاسانی بۆ کردووە بیکات بە

کولتووری جیهان و خواردنی پەسەندی دوو ترسناکترین نەوەیە مناڵ و هەرزەکارە، کە سەرخان و ژێرخانی هەر کۆمەڵگەیەکە.

مەبەست لەم گۆڕینەوەیە بۆ تێگەیاندنی لایەنە ئایدیاڵەکان و دەزگاکانی ئەو لایەنەی پێوستی بەو ناساندنەیە. چەمکی سۆفت پاوەر یان نەرمە-دەسەڵات لەلایەن جۆزف نای پسپۆڕی بواری زانستی سیاسی لەزانکۆی هارڤارد دا هات بۆ وەسفکردنی توانای ڕاکێشان و هاوکاری بەبوارە کولتوریەکان لەبری بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسی زبر و وشک و هێز، یان دروستکردنی پەیوەندی کاتی بەهێزی پارە و زۆرداری.

کولتووری دبلۆماسی نەرمە دەسەڵات بۆ ناوخۆی ئەمەریکاش بە کارهێنراو و سوودبەخشە لەوەی زێتر لە ٣٠٠ سێ سەد نەتەوە و ئەتنیکی جیاواز لەو وڵاتەدا هەموو خۆی بە ئەمریکی بزانێت و ئەمەریکا بوونیان بەر شوناسنامەکانی دیکەیان بخەن. لەگەڵ ئەو هەموو نەفرەتەی لە هەموو لایەکی دنیاوە لە ئەمەریکا ئەکرێت، ئەوان ئەوەندە بە شانازییەوە ئەڵێن ' من ئەمەریکیم' تەنها 'بەرزە من' بەدی ئەکرێت. ئەم سیستمەش لە ناوخۆدا بەهێزی کرد و سەری خست بە سەر سەرجەم ئەو وڵاتانەی شەپۆلی پەناهەندە تەنیونی و فرە کولتوورن. گەر سەیری ئەورووپا بکرێت، لە وڵاتانی خاپووربوو ئەچن لە ڕووی کولتووری و مەترسیەکانی ناوخۆ، بە تایبەت مەترسی تیرۆریست، تەنانەت کەنەدا کە یەکەم وڵاتە سیستمی فرە کولتووری وەکو دەستوور جێگیر کردووە. ئەو یەکە کۆمەڵایەتی و ئنتما نیشتمانیەی لە نێو ئەتنیکە جیاوازەکانی ئێرەدا نیە. وەکو ئەوانەی ئەمەریکا و کەنەدا بوونیان پێشناخەن و خەونی کەنەدییان نیە.

فەرمانڕەوایانی باشوور گەرچی دروست لە سەردەمی گۆڕانکاری دبلۆماسی گوناجاندنی لەگەڵ خواستی جیهانگیریدا هاوپەیمان و دۆستی ئەمەریکا بووە، ئەمەریکایان کردووە بە پێگەی سەرەکی بانگەشەی فکری و خوێندەواری و ئەجەندای سیاسی خۆیان، بەڵام نەیانتونایوە سوود لە دیبلۆماسیی کولتووری و نەرمە دەسەڵات نەک بەرانبەر بە بێگانەی، لە ناو هەرێم بەڵکو بەرانبەر بە خودی خۆیان لە ناو حزبەکان و بەرانبەر بە حزبەکانی دی و خەڵکی کوردستانیش. یەک نەتەوە، تەنها چەند شارێکیان ئازادە و هەر شارەی وکو نەتەوە و ئاینێکی جیاواز لە وڵاتێکی نادیموکراسیدا مامەڵە لەگەڵ یەک ئەکەن. واوەتریش خەسڵەتەکانی نەرمە دەسەڵاتیان پێچەوانە کردوەتەوە بۆ دەسەڵاتی شەق، لە

ناوخۆدا. ئەمەش ئاسایشی هەرێمی زیاتر خستوەتە مەترسییەوە، گەرچی پێ دەچێت ئەجەندای سیاسی کوردی، عەقڵ بینی تێدا نەبێت، ئەزموون سەرمەشقی کردارەکانی نەبێت، واتە تەنها کە دەستی سوتا بزانێت ئاگر سوتێنەرە.

**ئایدۆلۆژی سیاسی: ستراتیژی مەزن (Grand Strategy).**

ئایدۆلۆژیای سیاسی پێک هاتووە لە کۆمەڵێک پرەنیسپ و بنەمای دانراو و چەسپاو سەبارەت بە ڕەهەندەکانی سیاسەت، ئابوری، کۆمەڵایەتی و کولتووری کە بەرژەوەندی زۆرینەی خەڵکی تێدا پارێزراوە. جۆری ئایدۆلۆژیە سیاسیەکان زۆرن لەوانە: دیموکراسی، دیکتاتۆری، ئۆتۆکراتی، ئارستۆکراتی، ئەنارکیزم، سۆشیالیزم، کۆمۆنیزم، لیبراڵ...تد (Haywood, 1992). جیهانگیری خۆی ئایدۆلۆژییە یەکێک لە بەهێزترین و گرنگترین ڕێکخەرەکانی ڕامیاری و ئابوری مۆدێرنە. لەم سۆنگەیەوە ئەو ئایدۆلۆژیە سیاسیەی کە مامەڵە لەگەڵ دەرهاویشتەکانی جیهانگیری ئەکات پێویستە لە ئاستی گۆرانکاریە خێراکانی و زانستە تیژەڕەوەکانیدا بێت کە گرنگترین پێڤەکانی پێک هاتووە لە: ستراکتۆری ئابوری (Harvey،1989) ستراکتۆری زانست و بەرزکردنەوەی ئاستی زانست (Strange, 1988) زیادکردنی بەرهەمهێنان و بە جیهانیکردنی بەرهەمهێنانی نیشتمانی (Beck, 1992 ) زیادکردنی تەکنەلۆژیای نیشتمانی (Giddens, 1991) ئابووری ئازاد بە بوونی چاودێری نیشتمانی بۆ پاراستنی دیموکراسی و نەزاهەت لە یەک کاتدا Held, (1995).

بەراوردی هیچ کام لەو پرەنسیپ و کارکتەر و پێداویستی گەشەسەندن بۆ هاوسەنگی لەگەڵ خواستەکانی گڵۆبالیزەیشندا کە لە تیورەکەی پارکەر و یولڕچ هاتووە لەگەڵ کورد تەنها کاتی خوێنەر کوشتنە. چوون ئەو ئەزموونی هەرێمی کوردستانە هیچ ناوێک ناگرێتە خۆی، سیستم نیە، واتە نە دیموکراسیە، نە سوشیالیزم و...تد. ڕیتمێک نەشاز، بەڕێوەبردنێک لەسەر بنەمای تێکەڵەیەک لە فیودالیزم لە ڕووی عەقڵەوە، دیکتاتۆر لە ڕووی سیاسیەوە و مافیایی لە ڕووی ئابورییەوە، بەڵام لە ڕووی مۆراڵی کۆمەڵایەتیەوە نە هیچ کام لەم چەمکانە و نە هیچ چەمکێکی دی نایگرێتەوە و بە ئەندام وەریاننناگرن. تا ڕادەیەکی زۆر 'کولتووری مافیا' [7] (کولتووری مافیا ناوی ئەو کۆرسیە لە زانکۆی کوین وانە بێژیم ،لە هەڵێکی دیکەدا باس لەوە ئەکەم لە چ کولتووریکدا مافیاین ولە کوێدا مافیا ئەوانی قبوڵ نیە 7). زاڵە بە سەر کولتووری بەڕێوەبردنی کوردیدا، بەتایبەت کە گروپی خۆی بە ناوخۆ ‘ in group’ و هاووڵاتیانی دی بە

گشتی بە ' دەرەوەی بازنە'out group . بە ئاستێک وەکو نیچە ئەڵێت "سیاسیەکان مرۆڤەکان دابەش ئەکەن بەسەر دوو دەستەی ئامراز و دوژمندا، یەک چینیش دەناسن ئەویش دوژمنە "هاووڵاتی کوردیش دابەشکراوە بە سەر ئەو دوو کاتۆرەدا ئەوەی بە ئامراز بوونی پەسەند نەبووە دوژمن بووە، دوژمنیش بە دۆست کاتێک لە بەرژەوەندی ئەو ئامراز بوونەیە.

ئەو ئاکارە باسکراوەش، کاتێک لە مرۆڤی فەرمانڕەوا و دەسەڵاتداردا دەرئەکەوێت کە خۆی لە ڕووی دەرونیەوە خودی خۆی بە شیاوی ئەو پۆستە نەزانێت، زیاتر خۆی بە شیاوی سەرۆکی عەشیرەتێک یان پیاوچاکی دیوەخانێک ئەزانێت. ئەم جۆرە کەسەش دووجار پەرچەکرداری توندوتیژ و هەڵاواردنی تێدا دەرئەکەوێت، جارێک بەرانبەر بە خەڵک بە گشتی چوون پێی وایە توانیویانە بگەن بە کرۆک یان هەستەکەی ناوەوەی؛ جارێکیش بەرانبەر کەسانێک کە پێی وایە سەر بە دیوەخانەکەی ئەو نین، ئیتر ئەو دیوەخانە ئەکرێت ئەناڵەجی بێت بۆ دیوەخانێکی سیاسی، ڕۆشنبیری، وەرزشی یان کۆمەڵایەتی. بەڵام خاڵی دواییان هۆکارێکی دیشی بە دوادا دێت، ئەویش هەستی خەڵک پێ نەزانینە، واتە ئەوەی لە دیوەخاندا ڕوو ئەدات لە دیوەخاندا ئەمێنێتەوە، ئەم هەستە بەرانبەر بە دنیای ناوەوەی خۆیەتی بەرانبەر بە شیاوی خۆی. واتە ئەوەی پێرێ بۆردیو پێی ئەڵێت'Field' واتە لە بوارێکی دەسنیشانکراودا یەک دەبیننەوە و بەمەش تیمێکی کۆمەڵایەتی پێک ئەهێنن و لێرەشەوە کولتوورێکی دیاریکراو بەرهەم ئەهێنن وە بە پێی سەرمایە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیایەکانیان ئەو کولتوورە ئەکەن بە ئاکار و نەزمێکی ئاسایی لە نێو کۆمەڵگەدا (Bourdieu, 1990, 1991).

بەڵام دیاردەی گروپگەری بە کەڵکی مرۆڤی سیاسەتوان نایەت، نە لە نێو بوونیادی سیاسیدا جێگەی دەبێتەوە و نە ئەزموونی ژیرمەندی و زاناییش. لە دەرەوەی ڕاقەکردنیش ئەم هزرژەهریە ناتوانێت هەڵگری ئاستی خوێندنەوەی شایستە بێت بە پێڤیەکانی جیهانگیری و ستراتیژ و ڕیرەوی دنیاش، لەبەر ئەوەشە سەرکردە، سیاسەتمەدار و فەرمانڕەواکانی دنیا بە دەیان ڕاوێژکاریان هەیە و لە هەموو ڕویەکەوە ڕائەهێنن و لە هەمووشی گرنگتر لە ڕووی دەروونیەوە ئامادەی ئەکەن بۆ ئەوەی لە ناوەوە لە ئاستی سەرجەم دانیشتوان و لە دەرەوەش لە ئاستی جیهاندا مامەڵەی گونجاوی تۆماربکات.

پاش ئەمە گرنگترین خاڵەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ فەرمانی جیهانی ئەمڕۆ ستراتیژی سیاسی گونجاوە، ئەویش بوونی نابینرێت لە نێو ئاکامی ستراتیژی کوردیدا. چونکە ئەم فاکتەرە و ئەوەش ئەمڕۆ لە ڕۆژهەلاتدا ڕوودەدات پێویستی بە (Grand Strategy) ستراتیژی مەزن یان باڵایە ، ئەمەش ستراتیژی کۆگردە، گشتگیریی ناوخۆیە، وەکو ئەو هەڤالبەندییە گەورەیەی شەڕی جیهانی دووەم. ئەم چەمکە لە لایەن مێژووناسی بەریتانی پۆڵ کەندی وەداهاتووە. لەکتێبەکەیدا ستراتیجی باڵا لە شەڕ و ئاشتیدا، کەندی باس لە ئەو ستراتیتیژیە باڵایەی هەڤاڵبەندیی سیاسی، ئابوری و سەربازییەی یەکیەتی سۆڤیەت، ئەمەریکا و ژمارە یەك وڵاتی ئەورووپی ئەکات بۆ پاراستنی بەرژەوندیەکانیان لەکاتی شەڕ و ئاشتیدا. پێی وایە هونەری باڵای دبلۆماسی ئەم ستراتیژەی چەندین دەیەیە پاراستووە.

بەڵام لیدەڵ هەرت بەوە پێناسەی ئەکات کە هەموو بەرهەم و سەرچاوەکانی دەوڵەتێك یان چەند دەوڵەتێك ئەخرێتە پێناو یەك ستراتیژیی سیاسیەوە ئەویش شەڕە و گەل ئەخرێتە خزمەتی ئەو ئامانجەوە. هەرت پێیّ وایە ستراتیجی باڵا و شەڕ هاوتەریبن و لەیەك جیاناکرێنەوە. (1991) . ئەوەی ئەمڕۆ لەمیانەی بوونی داعشەوە ڕوودەدات بۆچوونەکەی 'هەرت' پشت ڕاست ئەکاتەوە. بوونی ستراتیژیی باڵای چەندین وڵاتی ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەلاتیە و سەرکەوتن بەسەر ئەو ستراتیژەدا مەحاڵە، بەڵام مامەڵەکردن لەگەلیدا بەستراتیژییەکی دیکەی باڵا لەلایەن کوردەوە بە ئاڕاستەی پێچەوانە، واتەهاووڵاتی نەکرێتە خزمەت پلانەکەوە دەکرێت سەرکەوتن دەستەبەر بکات. واتە سیاسەتە ستراتیژیەکەی ئەبرەهام لینکۆڵن، شازدەهەمین سەرۆك کۆماری ئەمەریکا لە شەڕی ناوخۆدا بەکاری هێنا و جەیمس مەکرفسەن بەستراتیژی باڵا و ستراتیژی نیشتمانیش ناوزەدی ئەکات، چونکە هەموو سەرچاوە ئابوری، سیاسی، دبلۆماسی، سەربازی و دەروونیەکانی خستبووە پێناوی ئامانجی باڵا کە سیاسەتی یەکگرتن بوو (٢٠٠٨).

**بەهرەی دانووسان و بونیادنانی بەهرە و توانای دبلۆماسی:**

دبلۆماسیەت لە سیاسەتی کوردیدا وابەستەی تیور نیە، زیاتر لە سەر بنەمای پیاوەتی و قسە و پەیمانی دیوەخان دامەزراوە. لە مێژووی لۆزانەوە و هەتا دەرئەنجامەکانی ڕاپەڕین و ڕوخانی عێراق و سوود وەرنەگرتنی نیشتمانی لە بوونی داعش تا ئاستی پیویست، و ئێستای ڕەفراندەمیش کورد قەرەبووی ئەم جۆرە سیاسەتە دپلۆماسیەتە نەزۆکە ئەدات. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە داوەرنین ئەگەر

فەرمانڕەوایانی کورد تۆمەتبار بکەین بەوەی لە ڕووی دپلۆماسی و کولتووری سیاسیەوە تەواو کۆڵەوار و نەشارەزان گرفت تەنها لای ئەوانەوەیە. لەم بەشەدا شرۆڤەکردنی ئەو تیورانەی کاری پێکراوە و ئەوانەش نەتوانراوە و نەزانراوە کاری پێبکرێت دەبێت بە پاڵپشتی ئەم بۆچوونانە.

لەگەڵ دروستببونی دەوڵەتی نەتەوەدا بەدەستنیشانکراوی لە پاش شەڕی ساردەوە بوار و تیورەکانی دپلۆماسی بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەسەندنی بەخۆوەبینیوە. بە هۆی ئەوەی کۆمەڵێك وڵاتی زۆر بوون بە ئەندامی یەکیەتی ئەوروپا و زێتریش بوون بە ئەندامی نەتەوەیەکگرتووەکان. زلهێزەکانی ڕۆژئاوا پێیان وابوو پێویستە ستراتیژییەکی دپلۆماسیان هەبێت تا بتوانن مامەڵە لەگەڵ هەمووان بکەن، لەهەمان کاتدا بتوانن هەر کەس هێندەی تێگەشتنی کولتووری خۆیان مامەڵەی دپلۆمسیان لەتەك بگۆڕنەوە. لێرەوە بە دەیان چەمك بوون بە پاشگر ی دپلۆماسی لەوانە:

دپلۆماسیی ئابوری، دپلۆماسیی زانستی و تەکنەلۆژی، دپلۆماسیی بازرگانی، دپلۆماسیی زۆرداری، دپلۆماسی دیجیتاڵ، یان زۆرەملێ، دپلۆماسیی بەرگریکردن لەخۆ، دپلۆماسیی بوونیادنان، دپلۆماسیی جیهانگیری و تەنانەت دپلۆماسیی فەیسبووکیش دروستکراوە پێویستە بە هەندیش وەربگیرێت، بۆ نموونە بەهاری عەرەبی لەڕێگەی پەیوەندی فەیسبووکیەوە دروست بووە. ئەمە لە ئێستادا بووە بە دپلۆماسیی تۆڕە کۆمەڵاتیەکان، دپلۆماسیی دەفتەری چەك، مەبەست لەچەکی بانکە، ئەمە لە تەکتیکی دەرەوەدا بەکرانەوەی ئابوری بەکار ئەهنێنرێت لەپێناوی دروست کردنیدا. واتە دبلۆماسێتی و پەیوندی بەهێزی پارە دروستکراو، وەکو پەیوەندیەکانی تورکیا بەدنیاوە، هەروەها پەیوەندی هەرێمی کوردستان بەزۆر وڵات و لایەنی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییەوە لەوەتەی ئەتوانن مامەڵە بە نەوتی کەرکوکەوە بکەن. هەروەها دپلۆماسیی هاووڵاتیان یان گشتی، ئەمە ئەکرێت نەخشە بۆ کێشراو بێت ئەشکرێت سروشتی بێت، بۆ نموونە ئەگەر وڵاتێك جۆرە میدیایەکی سیاسیی تێدا دەرکەوت لای خەڵك پەسەند نەکراو بوو، یان ئەگەر دوو وڵات لەڕووی دپلۆماسیی سیاسیەوە نێوانیان باش نەبێت، ئەم دپلۆماسیەتە لە نێو خەڵکدا ئەکرێت ببێت بە هۆی هێزی ناوەکی و بەستنەوەی پەیوەندیەکان، بۆ نموونە ئەرمەنیەکان، ئیسرائیلیەکان، کورد، دپلۆماسی هاولاتیان مەرج نیە دانووسانی ڕاستەوخۆی تێ بکەوێت بەڵکو سروشتێکی پەسەند کراوە لە نێوان ئەو

سێ نەتەوەیەی باسم کرد، ئازارێکی هاوبەش و دوژمنێکی هاوبەشی دیپلۆماسیی سروشتیی لەنێوانی هاوڵاتیاندا دروستکردووە، هەندێ جار بەهۆی هاوبەش بوونێکی مێژوویەوە، کە کوردێک مامەڵە لەگەڵ هاووڵاتییەکی یۆنانی ئەکات، یۆنانییەکە ڕاستەوخۆ دەستەواژەیەک بە کار ئەهێنێت وا هەست بکات ئەندامێکی لۆبێکەی، وەکو ئەوەی ئێمە ئامۆزاین، کورد و یونانی هاوڕێین، دوژمنی دوژمنەکەم برامە. (دیارە ئەم نموونانە لە سەر ئاستی هاووڵاتیانی یۆنانی دەرەوە، هاووڵاتیانی دەرەوەش زیاتر وەکو گایاتری سپیڤەک ئەڵێت 'نەتەوەیی ئەبن' (1988) و ساتە مێژوویەکان ئەکەن بە خۆراکی ڕۆح) بەڵام ڕێبەری لێهاتوو، سیاسەتی تۆکمە ئەتوانێت ئەو دیپلۆماسییە خۆڕسکە سۆزییە بخاتە خزمەتی بەشەکەی دیکەی دبلۆماسیی گشتییەوە کە خۆڕسک نیە و دەسەڵات دروستی ئەکات لە نێوخۆدا لەپێناو هێشتنەوەی ئاسایش و ئارامیی ناوخۆ و بونیادنانی پێگەی کۆمەڵایەتی باڵا.

دکتۆر ئەڵڕەک سیگەر (2003) یەکێکە لەوانەی کاریگەریی گرنگی هەیە لە نووسینەوەی تیوریی دیپلۆماسیی نوێ و ڕابەرایەتیدا، پێی وایە ڕۆڵی سەرکردەی بە توانا لە برەودان بە دیپلۆماسیەت و چۆنایەتی نەک چەندایەتی ڕێبەرایەتی دەناسرێت. پێی وایە دیپلۆماسیەتی گشتی یەکێکە لە گرنگترین جۆرەکانی دیپلۆسیەتە کە زۆر بە هەستەوەری مامەڵەی لەگەڵ بکات. ئەو دۆڕانەی ئەمەریکا لە عێراقدا بەر لە هەر هۆکارێکی دی لە دپلۆماسیەتی گشتیدا دەبینێت، پشتگیریی بۆچوونەکەی بە نموونەی زیندانەکەی ئەبوو غرێب ئەکات کە سەربازە ئەمەریکیەکان دەستدرێژیی سێکسیان کردە سەر دەستبەسەرا گیراوەکان. لایەنی سەرکەتوو دیپلۆماسیی ئەمەریکی لە هاوکاریی خێرای ئەندەنوسیا لە کارەساتی تۆسەنامیدا ساڵی ٢٠٠٤، وە زەوی لەرزینەکەی پاکستان لە ٢٠٠٥دا ئەبینێتەوە. ئەم جۆرە وێنانە هەردوو ئەرینی و نەرینی کاریگەریی درێژخایەنی لە سەر هاووڵاتیان لە ناوخۆ و هاوڵاتیانی وڵاتانی بەشداربوو و جیهانیش هەیە.

لە ناو کوردیشدا هەردوو نموونە بە نزیک ڕووداو هەن، وەکو پاڵپشتی و هەڵوێستی کانتۆنی ڕۆژاڤای کوردستان و پەکەکە بۆ ڕەفراندەم کە بە دیپلۆماسیی گشتی و دیپلۆماسی 'فرە ڕەهەند 'ی باڵا دەنرخێندرێت. چوون، لە لایەک هەڵویستی و پشتگیری ئەوان بە شێوەیەکی بەرچاو خەڵکی هاندا و مەیلی کوردستانی باڵای

بەسەرحزبی نەویدا سەرخست و یەک دەنگیی جەماوری دروست کرد. لە لایەکی دی، ڕێژەی مەیلداری بە لای خۆیاندا لە لای کورد سەرئەخات، مەترسی بۆ نەیارانیان دروست ئەکات کە لە بری پەرەچەکردار، دەرگای دبلۆماتیی نوێیان لە تەکدا بکەنەوە، جگە لە بەخشینی سەنگی نێو دەوڵەتی بە خۆیان. پێچەوانەی هەموو ئەمانەش واتە لایەنی نەگەتیڤی دپلۆماسیی گشتی بەردەوام لە باشوورەوە دەرئەکەوێت و ڕێگە گرتنی هاتنە ژوورەوەی کوردانی ڕۆژاڤا بوو. ئەمە تەنانەت ئەگەر تەنها دبلۆماتێکی فرە ڕەهەدنیش multilateral diplomacyبووبێت لەپێناوی جێگیردنی دبلۆماتیەتی ڕەزامەند appeasement، گورزی کوشندەی بە دبلۆماسیەتی گەشتی گەیاند کە پابەندە بە هاوڵاتیانەوە. کەواتە ئەم دوو جۆرە چین و بۆچی بۆ کورد گرگن؟

دپلۆماسی فرەرەهەند، یان وەکو دکتۆر وۆروێل سارومی ئاماژەی پێ ئەکات (Multitrack diplomacy) ،دبلۆماسیەتی فرە جەمسەر، لە کورترین پێناسەدا واتە بەشداربوونی چەند لایەنێك یان زیاتر لەدوو لایەن بۆ چارەسرکردنی کێشە سەختە نیشتمانیەکان پێک دێن، بەڵام مەرج نیە ئاشکرای بکەن، لەوانەیە بە ئاشکرا شەڕی گەورە پیشان بدەن بەڵام ژێربەژێر ڕێکەوتنی ستراتیژییان هەبێت. بۆ نموونە سیاسەت و دپلۆماسیەتی ئەمەریکا فرەرەهەندەو هەروەها (Bilateralism) واتە دوانەیی، ئەوەی دووەمیان واتە تەنها هەژموونی سیاسی دروست ناکات بەڵکو ئابوری یان کولتوری و کۆمەلایەتیش بەپێی هزر و تێگەشتنی ئەو لایەنەی مامەڵەی لەگەڵ دەکات، وە ئەمە باشترین جۆری دبلۆماسیە بۆ ئەو لایەنانەی ئەتوانن سەرکەوتوو بن تێدا. بەڵام ئیسرائیل لە ئەمریکا سەرکەوتوو تر بووە لە ئاراستەکردنی هەردوو دپلۆماسیەتی فرەڕەهەند و دپلۆماسیەتی گشتیدا. لە باشووردا تەنها مام جەلال بەهرەمەندیی باشی لە دپلۆماسی فرە ڕەهەندا هەیە.

دپلۆماسیەتی ڕەزامەند( Appeasement) جۆرێکی تایبەتە لە کەمیونیکەیشن هەوڵی سەرەکی و ئامانج ڕوونەدانی شەڕە لە ڕێگەی دەستبەرداربوون لە کۆمەڵێک تایبەتمەندی بۆ نەیار لە پێناوی پاراستنی ئاشتیدا. ئەم چەمکە لە لایەن نەڤڵ چەیمبڵن داهێنراوە، کە لە ساڵانی نێوان ١٩٣٧ – ١٩٤٠ و سەردەمی شەڕی جیهانیی دووەمدا سەرۆکی حکومەتی بەریتانیا بوو. ئەمەش لە میانەی کۆبوونەوەیەکەوە سەرچاوەی گرت لە ٣٠ی سەرماوەز ١٩٣٨لە میونیخی ئەڵمانیا،

جگە لە سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا، سەرۆک وەزیرانی فەرەنسا و ئیتاڵیا و لەگەڵ هیتلەر کۆبوونەوە. بۆ ڕازیکردنی هیتلەر پەرەنەسەندنی شەڕ لە وڵاتەکانی خۆیاندا و فشاریان خستە سەر چیکۆسلۆڤاکیا کە ناوچەی سودتنلاند بە ٨٠٠٠٠٠ هەشت سەد هەزار مرۆڤی بە ڕەگەز ئەڵمانیەوە بە هیتلەر ببەخشێ. هیتلەریش لە کۆبوونەوەکەدا وتی سوتندلاند داوا و داواکاریی من بوو لە ئەورووپادا. سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا پاش گەڕانەوە مژدەی خۆشی بە ئەورووپا داو و خۆی بە براوە ناوزەد کرد، بەڵام هیتلەر تەنها پاش ساڵێک لە پەیمانەکەی خۆی پاشگەز بوویەوە و لە ١ی سەرماوەزی ١٩٣٩ بە هێزی سەربازیی ئەڵمانی، پۆڵەندای گرت و شەڕی جیهانیی دووەمی هەڵگیرساند. لێرەوە ئەم پەیمانانامە بە دۆڕاوترین مێژووی سەدەی بیست ناوزەکرا(Hunt,200 ).

واتە یەک کەس دبلۆماسیەتی ڕەزامەندی ڕووکەشی بەرانبەر چوار وڵات بە کارهێنا، لە نێویشیاندا بۆ سەروو نیو سەدەیە چیکۆسلۆڤاکیا بوو بە قوربانی. تەواو وەکو قوربانی کورد لە نێو دوو دپلۆماتی ڕەزامەنددا یەکەم جار لە ساڵی ١٥١٤ پاش شەڕی چاڵدێران لە لایەن ئیمپراتۆرەیەتی عوسمانییەوە، جاری دووەمێش بە پلانی دەوڵەتی عوسمانی و نەوەکانی لە سەردەم دروست بوونوی دەوڵەتی نەتەوەیی تورکیادا ساڵیی ١٩٢٣ لەپێناو پاراستنی هەڤاڵبەندیی دیپلۆماتی جگە لە تورکیا بەریتانیا، فەرەنسا، یونان، ئیتالیا، پۆڵەندا، ئەرمینیا و چیکۆسلۆڤاکیا. لە ئێستاشدا لە ماوەی فەرمانڕەوایی حکومەتی هەرێمدا دپلۆماسیەتی ڕەزامەند لایەک لەگەڵ تورکیا و لایەک لەگەڵ ئێران بە مەرجی یەک سەرە، واتە تەنها تورکیا و ئێران ڕازی بکرێن نەک کورد، بەرقەرارە.

**بێ بەهرەیی دپلۆماسی:**

بە گشتی، نەشارەزایی بە سیاسەت و کولتووری بەرێوەبردن و ئاکامی دپلۆماسیی کورد، لە سەرەتای مێژووە و هەتا ئێستا بە ڕوونی خۆی نمایش ئەکات. لایەنە گەشەکانی هێندە کەمە لە ژێر پەردەی لایەنە تاریکەکانیدا ونە. چەندین هۆکار خۆیان لە پشت لایەنی گەش و ڕەشی سیاسەت و ستراتژ و دبلۆماتیەتی کوردەوە مەلاسداوە، دیارترینیان:

**یەک:** دبلۆماسێتی داهێنراوی دەوڵەتی نەتەوەییە، کورد هەرگیز دەوڵەتی نەتەوەیی بە خۆیەوە نەبینیوە تا فێری دپلۆماتیەتی دروست بێت. یاخود ئەتوانین بڵێن پێوستیی هونەری لە دایک بوون ئەهێنێتە ئاراوە، فەرمانڕەوایی کورد هەرگیز

پێشتر لە ئاستێکی سیاسیدا خۆی نەبینیوەتەوە، پێی وابێت پێویستی بەوەیە لە چوارچوارچێوەی شەرەفی عەشیرەت بچێتە دەرەوە و فێری هونەری دیپلۆماسی و ئەتەکێت و کولتووری سیاسی بێت. هەتا ئێمە ئەوانەی مێژوو کۆن تۆمەتباربکەین بە نەزانینی.

دوو: بەر لە دەوڵەتی نەتەوە، ناسیونالیست، یەکەی بزوتنەوە نەتەوەییەکان پێگەی نەتەوە و گروپە جیاوازەکانی پاراستووە و ئامادەی کردووە لە ڕووی سیاسی و دیپلۆماسییەوە بۆ ئەوەی پێش کارەسات بکەوێت، تەنها هەستی نەتەوەیی هەبووە نەک بزوتنەوەی نەتەوەیی. ئەوەی کە کەسێک بە زمانی خۆی قسە ئەکات و سەر بە گروپێکی دەسنیشانکراوە و کولتورێکی هەیە، ئەمە بزوتنەوەی نەتەوەیی نیە، مەیلی ئەتیکی و ئنتمای گروپە لای نەک تەنها مرۆڤ، لای زیندەوەرەکانیش هەیە. بۆیە کورد لە سەرەتای مێژووەوە هەتا ئەمڕۆش کۆمەڵە و حزب و بزوتنەوەی نەتەوەیی نیە. ئەو حزبانەی هەن نەتەوەیی نین. وەکو چۆن مرۆڤێک هزری باڵا بێت شرۆڤەی ئادیا ئەکات، مامناوەندی شرۆڤەی ڕووداو و عەقڵی بچوکیش باسی خەڵک ئەکات، بە هەمان شێوە حزبی نەتەوەیی شرۆڤەی ئایدیا و ڕێگەگرتنی ڕووداو ئەکات بە پێچەوانەی ئەوانەی ئێمە لە باشوردا هەمانن کاریان بووە بە دروستکردنی نەک ڕووداو و کارەساتی یەک دوای یەک و باسی ئەندامی یەککردن و کەتوونەتە ڕێزبەندی سێهەم. بە دەیان پسپۆڕی بواری مێژوو و سۆسیولۆژی، سیاسەت و کولتوور باسی هەژاری کورد ئەکەن لە تێگەشتن و دروستکردنی بزوتنەوەی نەتەوەیی و دەرهاویشتە کوشندەکانی غیابی ئەم بزوتنەوەیە. لەوانە . (Gunter,2007; Jwaideh, 2006; McDowall, 2004; Bruinessen, 2007 بەڵام لە ناوخۆدا دەیان تاک وگروپی دژە نەتەوەی هەبووە و هەیە. ئەم خاڵەیان لە لایەک ئەکرێت خوێندنەوەی جیاوازی بۆ بکرێت لە ڕووی ئاینی و عەقڵی خۆبەڕێوەبردنەوە، لە لایەکی دی بزوتنەوەی حزبی کوردیش لە بەرانبەریدا تاوانبار بکرێت بە تایبەت لە سەردەمی مۆدیرندا، بە هۆکارەکانی:

A: لە سەرەتادا کاتێک میللەتانی دنیا خەریکی دروستکردنی ' national consciousness' هۆشیاری نیشتمانی کە گرنگترین کۆڵەکەی ئنتمایە بە خاکەوە، بۆ دروستکردنی بزوتنەوەی نەتەوایەتی، کورد ئالودەبوونی ئاینی هەبووە، هەرگیز سوودی لە ئەزمونی کۆن وەرنەگرتووە و ئێستا بەرچاوتر نیشتمان و مۆراڵی نیشتمانی بە قوربانی ئاین ئەکات. من پێم وایە، ئەم ئالودەبوونە

چارەسەرنەکراوە، ئەکرێت هۆکارەکەی ئەوە بێت لە نەستی خۆیدا ئەزانێت یان نەیارانی هەمیشە بیریان خستوەتە کە ئەو جنۆکە و کافرە و لە بنەمادا ئاینی خۆی نیە. هەروەها ئاین ڕێگەیەکی ئاسانتریش بووە بۆ کۆکردنەوەی خەڵک لە دەوری دیوەخان و دروستکردنی ژمارە. لە بری هونەری نیشتمانپارێزی بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بووە بۆ خاوەنە ڕاستەقینەکەی ئاین کە نەیارانیشی بووە بسلمێنێت کە ئەم موسڵمانتر و ئایندارترە، لە بەر ئەمە نە بوو بە نیشتمانیپەروەری ڕاستەقینە و نە ئیمانداری ڕاستەقینەش. ئەم ڤایرۆسە گەرچی لە دەیەی دووەمی سەدەی بیستەوە تەنک بوو بوو، بەڵاما ئێستا لە سایەی حزبەکانی باشوردا گەشتوەتەوە بە ترۆپک. دڵنیام لە کوێ میهرەبانی هەبوو لەوێ ئاین هەیە، ئەو مرۆڤەش بەرانبەر بە نیشتمان و خەڵکی خۆی نامیهرەبان و خیانەتکارە تەنانەت ساتی گیان بەخشینی بە ئاین لە تەواوی بێ ئاینەکان نەویترە. بۆیە ئەو دیاردەی خیانەت کردنە لە نیشتمان بە ناوی ئاینەوە، دەمانباتەوە سەر خاڵە ڕاستەقینەکە "کورد جنۆکە و دێوە"ی عەرەب و فارس سەدان ساڵە گوێی پێ قانگ دەدن. لە بینینی هەموو تروسکەیەکی ئازادبوونی کورددا ئەوان تۆنەکانیان چڕتر و بەرزتر ئەکەنەوە، کوردیش سەختر و توندتر باوەش بە ئاینەکەدا ئەکات بۆ ئەوەی نەک بۆ خۆی و ئەو دنیایەش کە ئەتوانیت پشتگیری ئەو بکات، بەڵکو تەنها بۆ داگیرکارەکەی بسلمێنیت لەوان دڵسۆزترە بۆ ئاینی داگیرکارانی.

B: دیوەخانی عەشیرەت و عەشیرەتگەری کوشتنی سیاسەت و کولتووری کوردی، تەشەنەکردنی تەوژمی ئاینگەری و کوولتورە قێزەن و نەخوازەراوەکانی لێ کەوتوەتەوە و بە زیندووی هێشتویێتیەوە. وەکو بنەمای دۆڕانی سیاسی و دپلۆماسی کورد و بەشێکی گەورەی لە سنووری بێ مافی و داگیرکردنی کوردستان نەخشاندووە. چوون ئەو حزبانەی هەن لە بەر ئەوەی ناوکەنە کەوانەی هیچ سیستمێکەوە، نە دیموکراتن و نە سۆشیاڵ و لیبراڵن، نە نەتەوەیین. هەرچیەک بێت تایتڵی حزب و بزوتنەوە تەنانەت گروپە ڕۆشنبیریەکانی کورد دیسان کولتووری کارکردن و مامەڵەکردنیان لە چوارچێوەی عەشیرەت و مرۆڤی هۆزدا ئەنەخشێت.

C: بە ناوی 'چەپ'ی و عەلمانی بوونەوە، سەرەتا لە خاچدانی نیشتمان و نەتەوە و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و دواجاریش شەرمەزارکردنی واتای خودی چەپ بوون، بە هۆی نووشوستی تێگەشتن لە مارکسیزم ڕوویەکی دیکەی نوشوستیەکانی کوردە. زۆرینەی چەپی کورد لە مێژووی کۆن و نوێدا لە کاتێکدا بەردەوام لە

بانگەشەدابوون و لە بانگەشەدان بۆ مافی ئازادی نەتەوەکانی دیکە، بەڵام سەرسەختانە دژایەتی هەموو پرۆژەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی کوردیان کردووە. لە باشوریشدا زۆرترینیان دژایەتی باسی جودابوونەوەی کوردستان لە عێراقیان کردووە. ئەم جۆرە هەستەش هەر وەکو ئەوانەی پێشتر ئاماژەم پێکرد. لە پێناوی سەلماندنی ئەوەی ئەمان جیاوازن لە ئاینیە ڕادیکاڵەکان و مۆدێرنن، ئەوەندە بەتوندی باوەشدەکەن بەو بیرە تەسکەدا کە بە خوێندنەوەیەکی پێچەوانە لە مارکسیەت کراوە، دەرئەنجام وەکو ڕادیکاڵە ئیسلامیەکان مامەڵە لە گەڵ دیاردە و چەمەکەکاندا ئەکەن. بە ئاستێک ئەم دوو بزتنەوەی ئیسلامی و چەپی کوردیە لەیەک ئەچن گەر پۆشاک نەبێت هەرگیز بە ئاکار و توندوتیژی و زمان زبری و هەست و هزریان بەرانبەر خاک و نیشتمان و ئیدۆلۆژییە جیاوازەکان جیاوازییان ناکرێت.

D: لە ڕاپەڕینەوە هاوکێشەی حزبایەتی جێگەی هەموو ویژدان و مۆراڵیکی نیشتمانی گرتەوە و تێکۆشان سیاسی و دبلۆماسی لە بۆتەی حزبایەتی لە سەر هاوکێشەی زیندووکردنەوەی دیوەخانی عەشیرەت توایەوە. سەرەتا بە دروستکردنی مەیلی حزب، لە داڕوخانی عەقڵدا و بچووکبوونەوەی هزردا ئەمەش بچووک بوویەوە بۆ مەیلی شارچیەتی و ئێستاش بچووکتر لە جاران مەیلی تاک- مرۆڤ، یان تاکپەرستی. ئەم جۆرە ئامانجە بودەلانەش وایکرد پێداویستیەکانی جیهانگیری و ئاراستەی جیهانی نوێ بە لای کورددا تێ پەڕێت بە بێ ئەوەی هەستی پێ بکات. ئێستا پێویستی بە ماسک و سیناریوی ڕوکشانەی هۆشیاری جیهانگیری بێت. ئەمانە هەمووی هۆکاری نەبوونی بزوتنەوەی نەتەوەیی و بزوتنەوەی نیشتمانی و ویژدانی گشتگیر، ڕۆحی پەیوەست بوون بە خاکەوە نائامادە بێت. ئەم نائامادە بوونەش هاوکێشە سیاسی و دپلۆماسیەکانی لە ماڵی کورددا هەمیشە پوکاوە هێشتوەتەوە.

سێ: لە شۆڕشی نوێدا کورد وەکو کۆمەڵێک مرۆڤی کەم خوێندەواری، تاکی شاخی و شارەزایی تەنها سیاسەتی شاخ و هوتاف و هاواری سۆز وروژێن بۆ خواستی شۆڕشی چەکداری لە ئاستی گروپدا هەبووە نەک دەوڵەت و تسراتیژی سەربازی نوێ. بۆیە ئەوەشی کردوویانە زۆرە بۆ شارەزایی ئەوان. زۆر بوو لە ناکاو ڕووەبەڕووی پانتایە قوڵەکانی جیهانگیری و ئاراستەی نوێی جیهان بکرێن و ببن بە مرۆڤی فەرمانڕەوای 'شار' و ڕەهەندەکان و کولتوری بەڕێوەبردنی سیاسی، دپلۆماسی و کۆمەڵایەتی لە ئاستی جیهاندا. چوون جیاواز لە دۆخی کورد لە گەڵ دراوسیەکان،

جیهانگیری ئەو بەربەستەی سڕیەوە کە نەتەوە یان گرووپێک تەنها لە ئاستی ناوخۆی خۆیاندا مامەڵە بکەن و ناوخۆش تەنها دەنگی بە دەسەڵاتدارەکەی هەرێم و وڵاتەکەی خۆی بگات.

**چوار:** هەبوونی نەوت وەکو ئامرزاێک بۆ تێکدانی هاوکێشە دپلۆماسیەکان، کێشەیەکی گەورەترە. واتە کورد لە باشوردا هەرێمی خۆبەڕێوەبەرە نەک ئازاد، هەموو مامەڵەیەکی بە عێراقەوە بەستراوە. بەم پێیەش پێویستە دپلۆماسیەتی هەریمایەتی بەکاربهێندرێت کە لە زانستی دپلۆماسیدا پێی دەوترێت Paradiplomacy پێرەدپلۆمەسی.

پێرە دپلۆمەسی واتە شێوە دپلۆمەسی، ئەو بڕیار و کارە دپلۆمەسیانەی کە دەبن بە لقی شوێنێکی باڵاتر، نابن بە بڕیاری دەوڵەتی، بەڵکو دپلۆماتی هەرێمیە (Keating,1999) . واتە بڕیار و کاری حکومەتی هەرمێکی دیاریکراو ئەگرێتەوە نەك دەوڵەتێك. ئەم جۆرە حکومەتانە کە کومەتی هەرێمی کوردستان یەکێکیانە جیهانگیری هاوکاریکردن کە دەنگیان بگات و کاریگەری دروست بکەن، بەڵام بۆ ئەوانەی بوون بە چڵی دەوڵەتێکی داگیر کار وەکو پەیوەندی نێوان کورد ستان و عێراق، کاتەلۆنیە و ئیسپانیا ڕووبەرووی کێشەی دوو جەمسریش بوونەتەوە، لەلایەک حکومەتە باڵادەستەکە هەمیشە لە کاری هەڵوەشاندنەوەی کارە دپلۆماسی و سیاسیەکانی هەرێمەکەدا ئەبێت، لە لایەکی دی ئەو پەیوەندیە نێو دەوڵەتیانەی جیهانگیری بۆیان ئەهێنێتە ئاراوە داوای بەهرەمەندی دپلۆماسی زیاتریان لێ ئەکات لەوەی شارەزاین و لەوەش ڕێگەیان پێ ئەدرێت. بەڵام ئەم خاڵەش بۆ کورد چەند کێشەی دیکەی لێ ئەبێتەوە، لەوانە:

A: لەبەرئەوەی کورد نەوتی هەیە، لە ڕووی دپلۆماسیەوە و مامەڵەی بازرگانییەوە وەکو دەوڵەت مامەڵەی لەگەڵ کراوە، لە ڕووی پرۆتۆکۆلی سیاسی و جێبەجێ کردنەوە وەکو لقی دەوڵەتێک یان هەرێمێ دەوڵەتێک مامەڵەی لە تەک کراوە. لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت بڵێین ئەو دۆخە نیوەی پەیوەندی بە نەشارەزایی، بێ دەربەستی و دیدەنەبینی داهاتووی سیاسەتوانی کوردەوە نیە. چونکە جۆری توڕەبوونەکانی سەرۆکی هەرێم گومانی ئەوەم لا دروست ئەکات کە خوێندنەوەی جیاوازی بۆ ئەو دوو مامەڵەیە نەبێت و بە ڕاستی هێزی هەرێم و مامەڵەی دەرەوەی بە هێز و مامەڵەی دەوڵەتی مەزندە بکات.

B: ولآتە نەوتیەکانی ڕۆژهەلآت شوێنی مرۆڤی تەمەڵ و بێ بەهرەن. هیچ کاری دەستی و کۆمپانیای بەرهەمهێنان کە متمانەی لە سەر بەهرەی مرۆیی بێت و کاسبی بە دژوارڕەودا بوونی نیە. ولآتی نەوت مرۆڤی موچەخۆر بەرهەم ئەهێنێت نەک مرۆڤی بەرهەم هێنەر. نموونەی کوردستان و ولآتانی دوورگەی عەرەبی هەموو مرۆڤی موچە و دەزگایین. بەم پێیەش لە لایەک مرۆڤی کۆیلە و خاوەندارن. واتە حکومەت خاوەنیانە و هاوولآتی لای حکومەت دامەزراوە. پێچەوانەی ڕۆژئاوا کە هاوولآتی حکومەتی دامەزراندووە و لە باجی سالآنەی هاولآتی بودجەی حکومەت دەدرێت، ئەویش ناچارە جارێکی دی بەکاری بهێنێتەوە لە خزمەتی هاوولآتیدا. ئەمەش وەکو گرامشی (1971)ئاماژەی پێکردووە هەژموونی دەسەلآت دروست ئەکات و هەموو شتەکان لە دەسەلآتەوە دەست پێ ئەکات و بۆ ئەوەیش ئەگەڕێتەوە هیچ لە ناوەندا بوونی نامێنیت.

C: دەسەلآتی باشوور دپلۆماسی یونیلاترەلیزم (Unilateralism) واتە دپلۆماسی تاکرەهەند یان یەك ڕەهەندی بەکار ئەهێنێت. چەمکێکی کلاسیکیە و کۆنە و چونکە دپلۆماسیەتێکی دۆڕاو بوو، زوو جێگیر نەبوو، چەمکی دپلۆماسی فرەرەهەند بۆ پێچەوانەی ئەمە دروستکرا. ئەم جۆرە دپلۆماسیەتە هەوێنی دیکتاتۆریەتە و تەنها لە ولآتە تۆتالیتاریەکاندا بوونی هەیە. کاتێک ئەم جۆرە دپلۆماسیەتە بوونی هەیە دپلۆماسیەتی گشتی کە پەیوەندی بە ئاسایشی ناوخۆ و ڕەزامەندیی هاوولآتیانەوە هەیە بوونی نامێنێت، ئەمەش کەلێنی گەورە ئەخاتە نێوان حکومەت و هاوولآتیەوە. ئەم هاوکێشە نابالآنسەش نەک لە بوونی هەرێمێکدا لە چوارچێوەی دەولەتیشدا دپلۆماسیەتی فرە ڕەهەند کە زیاتر پابەندە بە پەیوندی نێو دەولەتیەوە ناتوانێت جێگیر و متمانەپێکراو بکات. چوون سیاسەتی نوێی جیهانیش گەڕانە بە دوای ئەو کەلێنانەدا و لە هەر کوێی دنیا ئەو درزانە دەربکەون لەلای ڕۆژئاواوە گەورە ئەکرێت و دەکرێت بە کارتی بەکارهێنان هەتا بە تەواوی خاپوور ئەکرێن. بۆیە ئەگەر کورد بیەوێت لەم ئەزموونی ڕەفراندەمەدا سەرکەوتوو بێت پێویستە یەکەم شت دپلۆماسیەتی یونیلاتەرلیزم بنێرێت بۆ زبلدان و هەموو درز و کەلبەرەکانی ناوخۆ بە هەولی هەمووان پڕ بکرێتەوە، ئەگینا تەنانەت سەرکەوتنیشی مەترسی دۆڕانی هەیە.

**پێنج:** یەکەم کۆڵەکەی دەوڵەت و بەهێزترینیان ئابورییە[7] و ستراتیژی جیهانگەریش هێزی و داڕشتنەوەی ئابورییە بە ڕەهەندی بەرفرانتر لەوەی هەبووە. ئابوری بەهێز بە ژمارەی دەوڵەمەندەکان و چەندیەتی پارە لە ناوچە و وڵاتێکدا دەسنیشان ناکرێت و ستراتیژی و دیپلۆماسیەتی ئابوری نانەخشێنێت. بەڵکو چۆنیەتی بەکارهێنان و بەرهەمهێنانی و لە دەست و بەڕێوەبردنی کێ بووندا دەسنیشانی ئەکات. یەکەم خاڵ ئەو مرۆڤەی بوو بە فەرمانڕەوا یان سیاسەتمەدار نەك تەنها نایاساییە لە هیچ جۆرە کارێکی بازرگانی نزیك بێت، نزیك بوونی لەڕووی یاساییەوە سزای خۆی هەیە و پی دەوترێت (Conflict of Interest) واتە ناکۆکی بەرژەوەندی. بەڵکو پێویستە هەرچی پارەیەکیش لە ڕێگەی قازانجی گشتی بەتایبەت ڕکخراوی بێ قازانج بە دەست هێناوە بداتەوە بە خەڵك، پاشان خۆی هەڵبژێرێت بۆ هەر پۆستێکی سیاسی بۆ نموونە جەستن ترۆدۆ بەر لەوەی ببێت بە دەسەڵاتدار و کاتێك هێشتا خوێندکاری زانکۆ بوو لە بری چەند گوتارێکی زارەکی بۆ چەند ڕێکخراوێکی بێ قازانج بڕێک پارەی وەرگرتبوو، یاسای پاراستنی بەرژەوەندی خەڵك و حزبایەتی سەپاندنی بە سەریدا کە ئەو پارەیە بگەڕێنێتەوە بۆ سەکتەری گشتی، واتە بۆ ڕێکخراوەکان بەر لەوەی خۆی هەڵبژێرێت.

مەبەست لێرەدا تەنها پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی نیە، پاراستنی سەرچاوەی نیشتمانیشە. چوون ئەگەر کەسێك دەسەڵاتەکان لای خۆی بوو، توانای ئەوەی هەیە سەرچاوەکان بۆ سەرچاوە بازرگانیەکەی خۆی بەگرێنێتەوە، تەنانەت ئەگەر خۆشی ئەوەی نەوێت مەیلداری خەڵک هەر بەو ڕێگەیدا دەباتەوە. ئەمە جیاوازە لەو کەسەی خۆی زۆر دەوڵەمەندە و دەوڵەمەندیەکەی هاوکێشەی کار و بەرهەم هێنانی لە وڵاتەکەیدا بەرزکردوەتەوە و هەلی کاری بۆ هەزاران کەس لە وڵاتەکەدا دابین کردووە. ئەمە لە بری ئەوەی نیشتمانەکەی بکات بە ئامراز بۆ کۆکردنەوەی پارە، مەیلداری بە لای بزنسەکانیدا، پارەکانی ئەخاتە خزمەت هەڵبژاردن و گەشتن بە دەسەڵات و ئیتر لە بری پارە کۆکردنەوە خۆی تەرخان ئەکات بۆ خزمەتی وڵاتەکە. بەڵام هەرگیز ئەم کەسانە لە سەرەتای تەمەن و سەرەتای خۆ پێگەیاندندا نین، بەڵکو بە تەمەن گەشتوون بە هەموو شتێک کە لە دنیادا ویستویانە، ئیتر گەشتوون بە ئاستێک بڵێن ئەوەی ماوە لە تەمەنمدا بۆ نیشتمانەکەم تەرخان ئەکەم.

---

8- لایەنی ئابوری یەکێکە لە گرنگترین فاکتەرەکان لە ئێستادا قسەی لە سەر بکرێت، بە جێی دەهێڵم بۆ پسپۆڕانی ئەم بوارە.

لە لایەکی دیکە، دپلۆماسی ئابوری ڕوخساری هەیە، جیاوازە لە دپلۆماسیەکانی دیکە، بینراوە و ڕاستەوخۆ بەستراوە بە دپلۆماسی گشتیەوە بەر لە جۆرەکانی دی، چوون بەستراوە بە ژیانی هاولاتیانەوە. وتم ڕوخسارداره لە بەر ئەوەی ئابوری هاوچەرخ و دپلۆماسیی ئابوری خۆی لە پلانەکانی خزمەتگوزاری گشتی دەسنیشان ئەکات، وەکو، ڕێگەی شەمەندەفەر، ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆژی لە ژیانی گشتیدا، ئاستی زانست بە سەنگی چۆنیەتی نەك چەندیەتی، ئاستی بەرهەمهێنان و کارکردن. دوبەی دروستکەری تەکنەلۆژی نیە، بەلام باشترین بەکارهێنەر و بەرهەمهێنەری دەزگای کارن لەو بوارەدا، بۆیە مرۆڤە زۆر خوێندەوارەکانی رۆژئاوا ولاتی خۆیان بەجێ ئەهێلێت و دەگات بە دوبەی بۆ کارکردن. ئیسرائیل لە ڕووی ژمارەی سەرنیشینانەوە بەهێز نیە، بەلام لە ڕووی بەرهەم هێنانی ئابوری و تەکنەلۆژییەوە بەهێزە هەر بۆیەش لە ئاستی نێو دەوڵەتیشدا خەریکە ئەبێت بە بەهێزترین. بە ڕۆشتنت بۆ هەر ولاتێك لە یەکەم سات کە لە فرۆکەخانەوە بۆت دەرئەکەوێت ئاستی دپلۆماسی ئابوری ئەو ولاتە بەهێز یان لاوازە،لە خزمەتی ولاتەکەدا یان نا. ئەوە ڕوونە لە سایەی دپلۆماسی ئابوری هەر سێ خاڵەکە نە بوونی هەیە و نە باوەڕ بە بوونیشی دەهێنرێت. بەم پیەش شارستانیەت و شار واتە شوناسنامەی شار [8] بە بنەمای دەوڵەتەوە و بوونی دپلۆماسی ئابورییەوە بەستراوە. بوونی ڕاستەقینەی شاریش بە هۆکان و هێزەکانی بەرهەم هێنان و کولتوورە بینراوەکان و هونەری بەستنەوەی شار و لادێ و ئەرك و ئامانجی جیاوازی هەردوو لا ئاڕاستە ئەکات. دیارە ئەم خاڵەش جگە لەوەی شەرعیەتی لێ سەندراوەتەوە لە ڕووی بوونی شوناسنامەوە، پەیوەندی نێوان شار و لادێش وەکو پەیوەندی نێوان کەرامەت و عەیبە، هزرمەند و و گەمژە، بالا و نەوی ئاراستەکراوە، بە شێوازێك کە ئاساییکردنەوەی ئەو چەمکانە لە نێوانیاندا ئەستەم بێت.

بەم پێیە نەتەوەیەك کە ستراتیژی ئابوری نەبێت لە هەر سێ گرنگترین خاڵەکانی ئابوریدا دۆڕانی بەدەست هێنابێت، پێشەکی سەربەخۆیی و بە دەوڵەت بوونی خۆی کردووە بە مەحاڵ. هەر ئەم لایەنە ئابوریەشە زیاتر لە هەر ڕوویەکی دیکەی کۆمەڵگەی کوردی کە لە ناویشەوە سیاسەتی کوردی لە بار بردووە. بەو شێوەیە بەردەوام بێت بەهێزترین دەوڵەت بێت لە ڕووی سەربازییەوە، خراپ بەکارهێنانی

9 وتاری شوناسی شار ، مەرگی ڕێگەپێدراو و پرۆگرامی پەڕلەمان بخوێنەرەوە و بۆ تێگەشتن لە بۆچونوی من سەبارەت بە چەمکی شار.
http://kaziwasalih.blogspot.ca/2013/09/blog-post.html

مەرجەکانی ئابوری بە پێی سیاسەتی ئەمڕۆی جیهان لە دەرەوە و لە ناوخۆدا دۆڕان بە دەست ئەهێنێت.

### بە دەوڵەت بوون و تورەبوون:

بەپێی سەرجەم ئەو خاڵانەی لەم بابەتەدا باسکراون هەتا ئێستا کورد هیچ بنەمایەکی بە دەوڵەت بوونی تێدا نیە. نە لە ڕووی سیاسی و سەربازی، دیپلۆماسی و ئابوری و تەکەنەلۆژییەوە، نە لە ڕووی زانستی و کۆمەڵایەتی و کولتورویەوە. تەنانەت گەر دەوڵەتیش بوایە بەم دۆخەی ئێستاوە بەو زوانە دەڕوخا. خۆگەیاندنە بە خەونی ڕەفراندەم بە بێ پرۆگرام و ئامادەیی لە پێشینە  دەبێت بە خەونی کیسەڵە بە فڕینەوە.

خوێنەر ئەکرێت ئەندێشەی ئەوە بکات کە وڵاتانی دراوسێ و هەندێك لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپاش هەمان سیستمی ژیان و بەڕێوەبردنیان هەیە هەندێك چاکتر یان خراپتر دەوڵەتیشن. بەڵام هەموو باڵندەیەك بە باڵی خۆی و لە گەڵ گرووپی خۆیدا ئەفڕێت، کوردیش ئەمڕۆ پێویستی بە باڵی خۆی بەڵام لەگەڵ باڵندەیەکی جیاواز پیویستە بفڕێت، زۆر جیاوازیش لەوانەی  ڕۆژگارێکی کۆندا لە گەڵی فڕیون، بۆ ئەوەی لە ئاستی ئەو فڕینەدا بێت، پێویستە خۆی بەرێتە ئاستی ئەندێشە و هیواکردنی ئەوان. واتە دراوسێکان ئەمڕۆ نابن بە دەوڵەت و چاوەڕوانی هاوکاری دەوڵەتانێك ناکەن کە داهێنەری جیهانگیری و تەکنەلۆژی و ستراتیژیی مەزنی دیپلۆماسی و ئابوریە. پێچەوانەی کورد ئەمڕۆ لەگەڵ وڵاتانێك بە کولتووری بەزەیی نێوان دەوڵەمەند و منالە هەتیو و بێ لانە مامەڵە ئەکات و چاوەڕوانی دانپێدانانە. بەزەیی و مافی مرۆڤ و چەندان چەمکی دیش لە سەر کاغەز ڕاستن، بەڵام لە کولتوور و بڕیاردانی سیاسیدا بوونی نیە. بۆیە فەرمانڕەوایی کورد گەر لە غەمی سەربەخۆیی و ئازادی گەلەکەیدا بوایە لە بیست و حەوت ساڵی ڕابردووی و حوکمڕانیدا گەلەکەی خۆی فێری فڕین ئەکرد. کەواتە لەگەڵ ئەوەی نە سیاستەوان و نە هاووڵاتی هونەری فڕین نازانێت، لەو داڕوخانە ئابووری، سیاسی، دیپلۆماسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری و مۆراڵیەدا و لە غیابی دیموکراسی، نەبوونی ئاسایش و هاوکێشەی دیموکراسی دروست، ئەکرێت لەهەمان کاتیشدا سەربەخۆیی ڕابگەیەندرێت؟ لە گەڵ هەموو ئەم دۆڕانانەشدا کەواتە: ئایە بڕیاری سەربەخۆی و دەوڵەت بوون لە ئێستادا بدرێت؟

ئایە خەڵکی باشوور ئامادەیە شەڕ بکات بۆ دەسەڵاتی هەرێم ئەگەر ڕووبەڕووی شەڕ ببنەوە؟

وەڵام... بەڵێ... بەڵێ... بەڵێ... **بەڵام!** یان ئەگەر!

سەبارەت بە پشتگیری و چوونە مەیدانی خەڵکی باشور وتەنانەت کوردی پارچەکانی دیکەش بەڵێ یەکەم یەقینە و هەتا ئەو ئاستەی فەرمانڕوایان کورد پرۆسەکە بە دروستی ببن بە ڕێوە خەڵک خۆی دەکات بە قوربانی.

ئەوەی کە پرسیارێکی لەو شێوەیە ئەهێنێتە ئاراوە ئەوەیە لەم دۆخانەی کە حکومەتێکی هەرێمایەتی دوالیزمانە مامەڵەی دەوڵەتی لەتەک ئەکرێت و ناشکرێت، پێویستی بە بەکارهێنانی دیبلۆماسیەتی بەرگریە. بە وتەی پسپۆڕان، ئەم جۆرە کاتێك دروستە و جێگە ئەگرێت کە کەسی هەڵبژردراو لەلایەن خەڵکەوە بە قسەی بکرێت، بۆ نموونە سەرۆکی کۆمپانیایەك بزانێت بۆی هەیە فەرمان بکات بە فەرمانبەرەکان سەبارەت بە چۆنیەتی جێبەجێکردنی کارەکان، چوون دەسەلاتێکی زیاتری هەیە، بەڵکو بزانێت شێوەی بەڕێوەبردنی ئەو متمانەی لا چە سپاندوون کە بە قسەی ئەکەن و کارەکە بەدروستی ئەنجام ئەدەن (Sarumi, 2009).

لە ڕووی سیاسیەوە کورد ئەو هەلەی بۆ هاتووەتە پیشەوە سەبارەت بەو مەترسیانەی دەوڵەتی نین، یان سەر بەدەسەلاتێکی دەوڵەتی نین وەکو مەترسی تیرۆریست یان کاردانەوەی ناوخ ، واتە دەوڵەتەکە -وەکو عێراق- دبلۆماسیەتی بەرگریکردن بەکاربهنرێت. بەلام لەمەدا ڕووبەڕووبونەوەی فیزیکی وەکو دوا کارت بەکار دێت، دوا ناچاری، لە هەموو شت گرنگتر هەستی ئاسایش و ئارامی لای خەڵك دروست بکات (Sarumi, 2009) کاتێك هیچ ئومێدێك نامێنێت ئەوجا دبلۆماسیەتی جەنگ بەرقەرار ئەکرێت.

لێرەوەیە ئەو گریمانەیە دێتە پیشەوە مادام ئەم جۆرە دپلۆماسیەتە پێویستی بە پشتگیری جێبەجێکاران هەیە ئایە ئەگەر هێزی بەرگری بکرێت بە ئامانجی دیپلۆسیەتی بەرگری خەڵکی کوردستان ئەو شەڕە ئەکات؟ ئایە خەڵی باشوور بە قسەی مەسعود بارزانی ئەکات لەم ساتە نەخوازراوەی، بە تایبەت کە ژمارەیەکی زۆر پێیان وایە بڕیارەکانی جێگەی گوێگرتن نین، چوون ئەوەی وەکو سەرۆکی

هەرێم، سەرۆکی هەرێم بە سەرچووە؟ لە وەڵامدا هەر بەرگرییەك پەیوەندی بە ئاسایشی کوردستان و پارێزگاری خاك و ئاسایشی گیانی کوردەوە بێت، بەڵێ. چوون بە درێژایی مێژوو، لە بوون و نەبوونی فەرمانڕەواو و بڕیاردەردا کورد هەمیشە لە سەنگەری بەرگریدابوو لەوەها دۆخێکدا. هەر ئەمەش مانەوەی بەرقەرار کردووە بەراورد بە کەمەنەتەوەییەکانی دی ڕۆژهەڵات کە لەسەرخۆ توانەوە.

سەبارەت بە بەشەکەی دی کە دەرئەنجامەکانی ڕەفراندەمە بەڵێکەم لە میانەی حەز بە گەشبینیە (نەك بوونی گەشبینی و یەقین) بەرانبەر تێگەشتن و سوودوەرگرتن لە بوونی قەیرانی گەورە، تیگەشتن لە کێشە و چارەسەرەکانی و تورەیی وانە وەرگر کە پاش هەندێك بە سەریان ئەکەمەوە. 'بەڵام'ەکەشم لە لۆژیك بینیەوەیە. چوون وەڵامدانەوەی وەها پرسیارێك کۆنکریت نیە هەتا بەڵێ و نەخێر بتگەیەنێت بەکەناری هیچ وەڵامێکی پرۆفیشناڵ یان داوەرانە. گریمانەی لەپێش هەیە بۆ ڕەخساندنی ژینگەی دیموکراسی سەربەخۆیی یان پاشان سەربەخۆیی، یان سەربەخۆیی و پاشان دیموکراسی. پێم وایە هیچ کام لەو گریمانانە بەو دەستوبردە کار ناکات. پێویستە هەردوو چەمک بە یەکەوە بەقەرار بکرێت، بەڵام کارێکی وا ئەگەر مەحاڵ نەبێت ئێجگار زەحمەتە، پێوستی بە باشترین بەرنامەرێژی هەیە لە لایەن پسپۆڕانەوە نەک تەنها سیاسی و ئەندامانی دیوەخانەکەیان.

سەربەخۆیی کوردستان لە ئێستادا بە شەڕ ناکرێت، گەرچی لە هەر کاتێکدا بڕیاری لەسەر بدریت شەڕ و کوشتن و قوربانی دەوێت. بەڵام لە ئێستاد اتەنانەت ئەگەر هێزی سەربازی و هێزی یەکیەتی ناوخۆش لە شەو و ڕۆژێکدا بەهێز بکرێت، هێزی دەروونی کورد پاش چەند ساڵ برسیەتی و بێ موچەیی و فشاری دەروونی لەو ئاستەدا نیە ڕووبەڕووی شەڕی گەورە بکرێتەوە. تەنها چارەسەری دپلۆماسیانە وەکو پلانی ئەی و وردە ڕووبەڕووبونەوە، بە کەمترین زیانی گیانی چارەسەری گونجاوە. چارەسەری دپلۆماسیش بۆ کورد تەنها بە قسە ناکرێت بەڵکو بە پرۆتۆکۆل. پرۆتۆکۆلێک کە ڕێژەیەک نەوت بدرێت بە وڵاتێک یان چەند وڵاتێک (دیارە چەند وڵاتێک بە سوودترە) بۆ ماوەی ساڵانێکی دەستنیشانکراو بەرانبەر

سەربەخۆیی. لەوانەشە ئەمە لە لایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمەوە پێشتر خرابێتە ڕوو، ئەو کات پیویستی بە وردە بەرگریە نەک شەڕی گەورە.

لە هەمان کاتیشدا پرۆژەی گفتوگۆی دیپلۆماسی لەسەر سەربەخۆیی کوردستان ئەگەر لەهەشت مانگ تێپەڕێت ئاسایشی دەرەوەش دەستەبەر بکات ئاسایشی ناوەوە ناپارێزرێت، نەك لەبەر ئەوەی دژایەتیکارانی ناوەوە بەهێزن. لەبەر ئەوەی ناوەوە هیچ باکی لە خیانەت و ئاشکراکردنی پلان و پرۆژەکان نیە لە گەڵ داگیرکەرانت؛ لەبەر ئەوەی نەیارانی دەرەوە ئەو کەلێنە بەهەمان تیوری دیپلۆماسی واتە فرە ڕەهەندە دژی هاوپیەمانیەکانی خۆیان بەکار ئەهێننەوە. لەلایەکی دی، کۆمەڵگەی کوردی زیاتر ئەگات بەکەناری مەرگ، تاوانی زۆرتر و بشێوی و جێهێشتنی زۆرتری لێ ئەکەوێتەوە، ئەمەش لەبەرژەوەدنی کوردستان نیە.

ئێستا دەچمە سەر بەڵام و ئەگەرەکە. پێچەوانەی ئەوانەی پێیان وابوو بڕیاردانی ڕەفراندەم لەلایەن مەسعود بارزانیەوە بڕیارێکی هەڵەشەیە و لە پێناو مانەوەی خۆی لەسەر کورسی دەسەڵات بڕیاریداوە و دوایی بوو بەقسەی خۆییەوە شەرمیکرد پاشگەز بێتەوە. لە سۆنگەی زمانی جەستەوە من بە تۆڕە بوون وەریدەگێڕم، تورە بوون لە کۆمەڵێك دیاردەی جیاواز نەك ئەوانەی لەناوخۆدا باس ئەکرێت: تورەبوون لە:

1. بارودۆخی کوردستان بە دەست عێراقەوە، لەلایەك لەنێو لۆبی نێودەوڵەتیدا بەشێکە لە عێراق و بە یەکەوە ڕووبەڕووی داعش بوونەتەوە. لەناوخۆشدا هیچ بەشێکی نیە لە عێراق و هاوکاری داعش ئەکەن بۆ لەناوبردنی کورد.
2. یاریە زۆر جار ساویلکە و هەموو کات بێ دهربەستەکانی ئەمەریکا بە کورد لە ناوچەکەدا.
3. باردۆخی ناوخۆی کوردستان و حساب بۆ کردنی وەکو سەرۆکی هەرێم لەبوونی کێشەکاندا، وەکو سەرۆکی تەنها هەولێر و حزبەکەی خۆی لەبڕیاردانە سیاسیەکان و دەستوەردان لەناوچەکانی دیکە.
4. باردۆخی دووفاقی هاوپەیمانیەتی نێوان حزبە ناوخۆیەکان، یاری دوو جەمسەری لە یەك کاتدا دۆست و دوژمنی ناوخۆ بە تایبەت یاریەکانی ئێران کە عێراقی کاول کردووە و خەریکە دەگات بە کوردستانیش.

5. باردۆدۆخی شێواوی ناو پارتی نزیك بوونەوە لە درز تێکەوتن و تاقیکردنەوەی ئەزموونەکەی یەکیەتی، لەکاتێکدا پارتی بەحزبێك ناسرواە سەنترالیزمی سیاسی پاراستووە.

6. باردۆخی خێزانی لەڕووی سیاسی و بەڕێوەبردن و گەندەڵییەوە، کە پێدەچێت بڕیارەکانی بارزانی لە نێو ژمارەیەك لە بارزانیە دەسەڵاتدارەکاندا هە ر وەکو ئەوانەی حزبە کوردیەکان دوو فاقیانە حسابی بۆ بکرێت و لەلایەکی دی فشاری زۆری بخرێتەسەر بۆ زۆر بڕیار و کار کە لە دەرەوەی خواستی ئەون.

7. گەندەڵی لەدەسەڵاتی باشووردا کە دیاردە ڤایرۆسێکە هەمووان ئالودەی بوون و هەموو حزبەکان لەسەری پێك هاتوون و لەگەڵ حزبەسەرەکیەکان بەشەریکی هەموو شتێك ئەکەن و لەسەر چەند پشکێکی زیاتر مێژووی خێزانەکەی بارزانی وردە وردە پێ ئەسرێتەوە و سەرەڕای ئەوە، مێژووی ڕابردووشیانی خستەژێر بەرپرسینەوە و گوومانەوە.

8. تورەبوون لەو دۆخەی گەشتووە بە ئاستێك دوور نیە ئەزموونی میسر و لیبیا لە کوردستان دووبارە ببێتەوە.

9. تورێبوونی باوکێك کە زۆری تەمەنی بەڕێکردووە و کەمی ماوە، بەو دۆخەوە داهاتووی منداڵەکانی نادیارە.

10. تورەبوون لەو هەموو ڕاوێژکارە بێگانانەی باوەڕی پێکردن و دەرئەنجامێکی بەرچاویشی فەراهەم نەهێنا، ئەمەش دەروەنجامی سێ هۆکارن:

I. باوەڕکردن تەنها بە حزبیە سەرسەختەکان بۆ مەسەلەی ڕاوێژ نەك کوردی گونجاو، یان مرۆڤی گونجاو بۆ شوێنی گونجاو. لە گەڵ ئەوەی سەرۆکی هەرێم پێویستە کارکردنی لە گەڵ کورد بێت بە گشتی نەك ئەندامانی حزب بە تەنها. لەنێو پارتیشدا مەرج نیە لە هەموو بوارێکدا کەسی گونجاو هەبێت.

II. ئەوەندەی مەزەندە ئەکرێت کولتووری ڕاوێژکاری لە نێو کورددا ئەوەیە سەرۆك هەرچی وت ڕاوێژکار بەڵێ بکات و ڕاوێژکار هەرچی پێشنیازکرد سەرۆك نەخێر بکات. چونکە ئەمە سایکۆلۆژیای گشتی و کولتووری ڕۆژانەی کوردە هەمووی خۆی لە سەروو ڕاوێژ و ڕاوێژ پێکردنەوە ئەبینێت.

III. زۆربەی ڕاوێژکارە بێگانەکان پابەندن بە دەزگایەکی سیاسی گەورەترەوە لە ولاتەکانی خۆیاندا یان ولاتانێکی دیکەی بێگانەی دەرەوەی کوردستان و بەرژەوەندیەکانی ئەو دەزگایانەش پێش بەرژەوەندی کورد و سەرۆکی هەرێم ئەخەن.

هەڵگرتنی هەر یەك لەو خاڵە وتراوانە نە بۆ تاك، بە تایبەت تاکێك کە خۆی لێپسراوی ئەم دەرئەنجامانە بێت ئاسان نیە، بەلام هەڵگرتنی هەشت لەو خالانە بۆ کۆمەڵگە داڕوخانی سەرخان و ژێرخانی کۆمەلایەتی و کولتووری لێ ئەکەوێتەوە، کە کۆمەڵگەی کوردی هەڵیگرتووە. بەلام کاتێك ئەم توڕەبوونە بەرهەمهێنەرە کە توڕەبوونی خۆناسی و کێشەناسی بێت. ئەگەر تورەیی پەرچەکردارە بێت بەدەگمەن دەرئەنجامی ئەریەنی لێوەدەست دێت، وەکو ئەرستۆ ئەڵێت "هەموو کەس ئەتوانێت توڕە بێت، ئەوە ئاسانە، بەلام توڕە بوون لەگەڵ کەسی دروست، تا ئاستی دروست و لەکاتی دروستدا و بۆ ئامانجی دروست و بەرێگەی دروست لە هێزی هەموو کەسدا نیە و ئاسان نیە" (Demakis,2012,P:18). خۆ ئەگەر لە چوارچێوەی ئەو دروستیانە دەرچوو و بڕیاری سیاسی گەورەشی پێ درا و وەکو پەرچەکردار، لەو کاتە وتەکەی ئەنشتاینی بە سەردا ئەسەپێت " تۆڕەیی تەنها لە ئامێزی گەمژەکاندا دەنوێ" (Demakis,2012.P:7) . ئەو کاتەش پێچەوانە بێت لە ئامێزی پاڵەوانەکان بنوێ هەر سیاسەتوان ناگرێتەوە، چوون ئەوان پێویستیان بە هونەری کومیونیکەشن و دیپلۆماسی و چارەسەری قەیرانە، بەهردااریش لە هەر سێ چەمکدا یەکەم هەنگاو توڕەیی یاساغ ئەکەن.

**توڕەبوونی ستراتیژیانە:**

با لایەنە گەشبینکە بەسەربکەینەوە و پێمان وابێت توڕە بوونێکە خۆناسی و گرفتناسیە بەتایبەت کە ئەمڕۆ قەیراننناسی و ڕێگەچارەکانی قەیران Conflict Resolution” “ بووە بە بابەتە گرنگەکانی توێژینەوە و خوێندن لە جیهاندا. ناسینی گرفت، قەیران و کێشەکان مەرجی سەرەکی چارەسەرکردنی هەڵگرتووە. هەموو مرۆڤێك لە کاتی قەیراناندا تۆڕەیە، چوون مرۆڤ لەکاتی قەیراندا چەندین هێندەی دیکە هەستەوەر ئەبێت، هەربۆیە کوالەتی ڕاستەقینەی مرۆڤ لەم کاتانەدا دەرئەکەوێت، لێرەوەیە هەندێ مرۆڤ لەکاتی توڕەبووندا ئەبێت بە بەرهەمهێنەری جنێو و تێکشکان بە هەموو ڕووەکانیەوە بەپێی دەسەلاتی کەسەکە یان باشترین قسە

ئەکات، وەکو ئەمبرۆز بێرس ئەلێت "کاتێك تورەیت قسە بکە، باشترین وتار و قسە ئەکەیت کە پشیمانی ڕابردوو بیت " ( Demakis ,2012,p: 9) .

هەردوو کەیسی سەرەوە دروستە بۆ بەهای سروشتی مرۆڤ، بەڵام مرۆڤ بە پێی هەوڵدان ئەتوانێت ئەوەی یەکەمیان کە بێ بەهرە و نەزانە بگۆڕێت و بیکات بە کەسی دووەم کە خاوەنی هونەرەکانی وتن و پەرچەکرداری دروستە بەرانبەر بە چارەسەری تورەیی کاتی قەیران.

گرنگترین بەهرەکانی ڕێگەچارەکانی قەیران ڕێگەگرتنە لە ڕوودانی ڕووبەڕووبونەوەی فیزیکی، چونکە شەڕ تەنها ڕوونادات، بەڵکو ڕێگە دەدرێت کە ڕووبدات. جەیمەس هیومس گۆتەنی"هونەری کەمیونیکەیشنیش زمانی پێشەوایە" (Hume, 2007). ئێمە کە شرۆڤەمان لە سەر مەسعود بەرزانیە وەکو پێشەوایەک کە تورەبوونەکەی سەربە ڕەگەزی کیمونیکەیشن و هونەری تێگەشتنە لە قەیران و چارەسەرەکانی و تورەبوونێکی ستراتیژیانەی سیاسیە یان نا؟

کورد تا ئەمڕۆ وەکو میللەتانی دنیا نەچووەتە ناو مێژووەوە، چوون وەکو مەسعود محەمەد ئەلێت، "کورد لە دەرەوەی مێژوو ئەژی، نەتەوە هەتا سەربەخۆ نەبیت هێشتا لە منداڵدانی مێژوودایە و لە دایک نەبووە." ( محەمەد،١٩٩٨) ئێستا لە بەر دەرگای مێژوودا وەستاوە. ئەم دۆخەی ئێستا دروستکراوە یان ئەمانباتە ناو مێژووە و یان لە بەر دەرگاکەشمان ناهێڵێت و بە تەواوی فڕێ ئەدرێین دەرەوە. ئەم یاری ڕەفراندەمە ڕێژەی ناوەڕاست پەسەند ناکات. ئەگەر توڕیبوونەکەی کاک مەسعود تورەبوونێکی پێشەوایانە، چارەسەرکارانە و سترایتیژتیانە بێت ئەمانباتە ناو مێژووەوە، گەر واش بێت ئەوا بەر لە تورەبوونەکەی و بڕیاری ڕەفراندەم کۆمەڵێک هەنگاوی دیپلۆماسی و پرۆتۆکولی ناوە و پاش ڕەفراندەمیش کۆمەڵێک هەنگاو هەڵئەگرێت. دەرئەنجامی ئەو هەنگاوانە ئەیکات بەپاڵەوانێکی نەتەوەیی نەوە پاش نەوە دێڕی کتێب و سەرگوزشتەکان بە هەڵوێستەکەی پڕ بکاتەوە، ئەبێت بە سیمبولی نمونەیی کوردایەتی و مێژوو لێوەی فێر ئەبێت. ئەگەر پێچەوانەکەشی بێت واتە تورەبوونەکەی ستراتیژیانە نەبێت ئەبێت بە سەرگوزشتە و نموونەیەکی ناشرین کە نەوەکان وانەی لێ وەربگرن دووبارەی نەکەنەوە، نەوەکانی داهاتوو داوای لێبوردنی بۆ بکەن. وەکو مێژووە ڕەشەکەی سوارەی حمیدیە کە بووە بە پەڵەیەکی ڕەش و نەوەی ئەمڕۆ هەمووی قەرەبووی ئەدات بە تابەت کەسە دڵسۆزەکانی باکوور، نموونەی وەکو بەتایبەت عوسمان بایدەمیر لەگەڵ ئەوەی

بەفەرمی داوای لێبوردنی لەو مێژووە کردووە و لە هەموو بۆنەیەکیشدا هەر دووبارەی ئەکاتەوە، بەڵام هێشتا نەتوانراوە باری گرانی ئەو پەڵە ڕەشە هەندێک کاڵ بکرێتەوە.

بەمەزەندەی من ئەو فاکتەرانەی ئەم تورەبوونەی بارزانی بکات بە تورەبوونێکی ستراتیژی و کەڵکبەخش بۆ کورد و پاڵەوانی مێژووش بۆ خۆی گرنگترینیان ئەمانەن

**یەك**: بەر لە دەرخستنی ئەم تورەنە و بڕیاری ڕەفراندەم پرۆتۆکلی دپلۆماسی و هاوپەیمانی لەگەڵ چەند ولاتێک واژوو کردووە، پێداگری کردووە لەوەی ئەمەریکا و ئیسرائیلی تێدا بێت، چوون هەموو کێشە و باش و خراپەکانی دنیا ئێستا لە لایەن ئەم دوانەوە بەڕێوە ئەچێت، بۆیە نەبوونیان لە هەر پرۆتۆکۆلێکدا لەگەڵ ولاتانی دی کورد ناگەیەنێت بە ئامانج بە بێ ڕەزامەندی ئەم دوانە. سەبارەت بە ئەمەریکا ئاشکرایە بۆچی و سەبارەت بە ئیسرائیل دێمەوە سەر هۆکارەکانی پاش ڕیزبەندی ئەم فاکتەرانە. پەیمانێکی فەرمی وەکو ئەوەی نێوان کەنەدا و بەریتانیا، واتە هەرێم بۆ چەندین ساڵ ڕێژەیەک نەوت بدات بە چەند ولاتێک بە مەرجی سەربەخۆیی دەوڵەت بوون.

**دوو**: بەر لە بڕیاری ڕەفراندەم لە گەڵ یەکیەتی هەموو کۆنە کینەکانی لە ٦٤ وە بۆ ئەمرۆیان باس کردووە و گەشتوون بەو دەرئەنجامەی کە دوژمنایەتیان بە لاوە نێن بەڕاستی نەک فێڵ لە یەککردن، هەوڵی گشتگیر بخرێتە پێناوی ئەم ئامانجە.

سێ: ئابوری کوردستان بەرگەی نە دەوڵەت ئەگرێت، نە ڕووبەڕووبوونەوە. بەڵام ئابوری هەردوو بنەماڵەی تاڵەبانی و بارزانی بەرگەی هەردوو ئەگرێت. پێویستە بڕیاری لە پێشینەیان دابێت کە ئابوری خۆیان ئەخەنە خزمەتی ئەم پرۆژەی سەربەخۆییەوە لە هەموو ڕوویەکەوە. گرنگترینیان زەمینەیەکی کاتی دەسنیشان ئەکەن، بۆ نموونە ماوەی هەشت مانگ بەرهەمی خۆماڵی بە ئاستێک بکەوێتە بازاڕەکانەوە و پێوسیتی بە دەرەوە نەبێت. کاتێک ئەوان بەو ڕۆحیەتە کار بکەن، خەڵکی کوردستانیش لە خزمەتی پرۆژەکەدا ئەبن و خەڵکی لادێش نەبن ئەچنە لادێوە و ئەم ئامانجە سەرئەخەن.

**چوار**: لە مامەڵەی سیاسی و گفتوگۆی هەر یەک لە هاوپەیمانان بە کولتووری خۆیان - قسەکەر تێئەگەن نەک شەرعیەتی دیوەخان. بۆ نموونە میدیاکانی باشوور ڕۆژانە ناوی ولاتی جیاواز بلاو ئەکەنەوە گوایە پشتگیری سەربەخۆیی کوردستان

ئەکات. بەڵام لە ناوەڕۆکدا هەموو جارێک مرۆڤێکی خوار مامناوەندیە لە دەسەڵاتدا و نوێنەرایەتی دەسەڵاتی وڵاتەکە ناکات، جگە لەوەی بەرگرییەکەی زارەکیە. لە کولتووری ڕۆژئاوادا جنێو و بە ڕاستەخۆ دژاتەیکردن نیە، مەگەر بزانن بە هیچ شێوەیەک تێ ناگەیت، ئەوجا بە کولتوورەکەی خۆت قسەت لەگەڵ ئەکەن. بۆیە ئەگەر دەسەڵاتدارانی  پشتی کەناڵەکانیش هەر بەم شێوەیە لە پشتگیری و هاوکاریەکان بگەن، مەترسیدارە.

**پێنج**: بەر لەم بڕیارە لەگەڵ حزبەکان ڕێکەوتوون کە هێزی سەربەخۆی سەبازی کوردستانمان هەبێت، نەک میلیشیای حزبی. پێویستە گەشتبن بەو ڕاستیەی کە پێوستمان بە هێزی سەربازی نیشتمانیە و بوونی هێزی پێشمەرگەی حزب دواجار هێزە کوردیەکان ئەکات بە دەیان گروپی جیاواز و پاش چەند ساڵێکی کەم ئەو دۆخەی لە لوبناندایە لە کوردستانیش دروست ئەبێت. واتە هەر تاریک داهات دەست ئەکەن بە تەقەکردن وشەڕی لاکۆلان.

**شەش**: لە هەموو بوارێکدا خەڵکانی پسپۆڕیان کۆکردوەتەوە و ستراتیژی گۆڕینی سەرجەم سیستمی کوردستانیان داناوە، لە ئابوری، زانستی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری.

ئەوانەی سەرەوە ئەو خاڵانەیە کە بەر لە ئاشکراکردنی نیازی ڕەفراندەم پێویستە کرابن، پاش ڕەفراندەمیش چەندین خاڵی دیکە ئەبن پێویستی سەرکەوتنی ئەم پرۆژە و بە پاڵەوان بوونی بکەرانی ئەویش:

**حەوت**: کاک مەسعود خۆی واز لەسەرۆکایەتی بهێنێت و وەکو مرۆڤێکی تێکۆشەر و خاوەن ئەزموون ڕاوێژ بکات، بەشێک لە کاتی خۆی بەچاکردنەوەی درزەکانی پارتی دیمۆکراتەوە تەرخان بکات، بەر لەوەی چاکردنەوەی مەحاڵ بێت.

**هەشت**: لەگەڵ ئەوەی بەراورد بەو کەسانەی بە سیستمی سیاسی کوردی  پەیڕەوی عەشیرەت ئەکرێت و پێیان وایە کوڕی سەرکردەکان ئەبێت ببنەوە بە سەرۆك. لەنێو ئەوانەی تا ئێستا ڕێگەی پێدراوە، مەسرور بەرزانی بێ ڕکابەرە، گەر خۆی هەڵبژێرێت بۆ سەرۆکایەتی ئەیباتەوە. بەڵام پێوسیتە خۆی هەڵنەبژێرێت، نەك تەنها بۆ ئەوەی ئەو مێژووە بەو شێوەیە بپارێزێت کە نیاز ئەکرێت، ئیتر نیازیان بێت پرۆسەی دیموکراسی بەرقەرار بێت، بەڵکو لەبەر ئەوەش لە کارەکەی خۆیدا سەرکەوتووە و  و ئاسایشی کوردستان لەسەرۆکایەتی کورستان گرنگترە.

**نۆ:** ئەو داڕوخانە کۆمەڵایەتییەی ئێستا کوردی باشووری تێدا ئەژی و ئەو هەموو توندوتیژی و ژن کوشتنەی لەباشووردا بووە بە تایتڵی ڕۆژنامەکانی دنیا تەنها کارێك کورد لەو ڕوخانە کۆمەڵایەتیە دەربهێنێت ئەوەیە ژنێك بکرێت بەسەرۆکی هەرێم. کە من پێم باشترە ژنێکی گەریلای خوێندەوار و بەئەزموون بێت لە مێژوو و سیاسیەتی کورد و ناوچەکە بە گشتی و خەڵکی باشوور، ئەندامی حزبەکانی باشوور نەبێت. ئێستا کە کوردستان بەسیستمی وڵاتی عێراق بەڕێوە ئەبرێت، ئەم پێشنیازە مەحاڵە، چوون ڕەچاوی کەسێکی بێگانەی بۆ ئەکرێت نەك عێراقی، ناوی سوری، تورکی یان ئێرانیە، ناکرێت لە سەربەخۆبوونیشدا چاوەڕێی ئەوە بکەین شوناسنامەکەمان ببێت بە باشووری و باکوری و ڕۆژاقایی و ڕۆژهەڵاتی گەر بەڕووی دیمۆگرافیشەوە وا بێت. دیارە ئەو بەڕێوەبردنەی ئێستا هاوکاری و پسپۆڕی ناوێت ، هیچ هونەر و کارێکی گەورەی تێدا نیە هەرزەکارێکی بێ ئەزموونیش پێی نەکرێت. بەڵکو باسی وەلاوەنانی ئەم جۆرە بەڕێوەبردنە ئەکەم. بەگشتی بوونی ژنێك بەو مەرجانە ئەم هەنگاوە چەند سوودێك بەرجەستە ئەکات گرنگترینیان:

1. مەیلی بەلای کورد و کوردستان بووندا ئەبێت، نەك حزبایەتی گەر ئەندامی حزب نەبێت، ئەمەش بنبڕکردنی گەندەڵی لە باشووردا ئاسانتر ئەکات و سەرکەوتنی سیستمی بەڕێوەبردن مسۆگەر ئەکات.
2. مەیلی کوردستانی گەورە لای هەر چوار پارچەدروست ئەبێت، ئەمەش پراکتیزکردنی دپلۆماسیەتی فرەڕەهەند ئاسانتر ئەکات.
3. لە لۆبی نێو دەوڵەتیدا زیاتر هاوکاری ئەکرێت و ڕێزی لێ ئەنرێت. بەو بەڵگەیەی لە هەموو مێژووی کورددا، هیچ پرۆژەیەکی هێندەی هەبوونی ژن لەسەرکردایەتی کانتۆنی رۆژاڤایا باس نەکرا و پەسەند نەکراوە.
4. ئەو ترسەی لۆبی نێو دەوڵەتی لەڕووی ئاینییەوە بەرانبەر بە کورد هەیبووە لەسەردەمی دروست بوونی دەوڵەتی نەتەوە و هاوکاری کردنی ئەرمەنیەکان و دەستبەردان لە کورد بەهۆیەوە ئەڕەوێتەوە، ئەمەش بوونی بەهێزتر ئەکات.
5. لەبەر ئەوەی خاوەنی حزب نیە لە خەمی ژمارە و کۆکردنەوەی خەڵدا بێت، ڕێزی هەموو ئاینەکان و کەمە مەزهەبی و ئاینی و ئەتنیکیەکانی کورد ئەگرێت. بەمەشماڵی کورد هەندێك یەك ئەخات.

6. کەسیەتی ژن لە کارتونییەوە ئەگۆڕێت بۆ مرۆڤبوون و کەسیەتی ڕاستەقینە. بەمەش هەلێك بە ئەو هەموو ژنانەی بەهۆی پیاوانی خێزانەکانیان یان هۆکاری نەگونجاو خراونەتە کایەکانی دەسەڵاتەوە لە باشوردا بەخۆیاندا بچنەوە و خۆیان دروست بکەن. ئەمەش بە قازانج بۆ حزبەکان ئەگەڕێتەوە. جگە لە بنبڕکردنی ئەو کولتووره قێزەونە کە ژن بە هۆکاری جیاواز لە توانا و پسپۆڕیەتی خۆی بخرێتە هیچ دەسەڵاتێکی سیاسیەوە.
7. هەل بە حزبەکانی باشوور ئەدات چەند ساڵێك لە شەڕ و ستراتیژی دژە کورد پشوو بدەن و لەناوچوونی تەواو خۆیان بپارێزن و لەبری خۆیان دروست بکەنەوە.
8. لەبەر ئەوەی بەشێك نیە لەو ڕەنجان و گەندەڵیەی کوردستان خەڵك زیاتر متمانەی پێ ئەکات و ئەگەری ئاشتکردنەوەی هاووڵاتی و نیشتمانی زیاتر ئەبێت.
9. ئەو هەموو کوشتن و تاوانەی بەرانبەر ژن و مناڵ لە باشووردا ئەکرێت و ڕێچکەی جینۆسایدێکی لەسەرخۆی گرتووە کەم ئەبێتەوە، گەر بشمێنێت.
10. گەر خۆی خاوەنی حزب نەبێت، سیستمی ئۆپۆزسیون و بوونیان و ئیدۆلۆژیە جیاوازەکان جێگەی ڕاستەقینەی خۆیان ئەگرن.

لە سەروو ئەمانەوە، لە باشوور، لەنێو ئەوانەی بە نیازن دەسەڵات بەدەست بهێنن کەسی تێدا نەماوە گەندەڵ نەبێت. کێشەی گەندەڵیش بە گەندەڵ چارەسەر ناکرێت. گەندەڵیش چارەسەر نەکرێت هیچ کێشەیەکی کورد چارەسەر ناکرێت. گونجاوە گومانی ئەوە بکرێت چۆن ژنێك خاوەنی حزبیش نەبێت ئەتوانی دەنگ مسۆگەر بکات و ببێت بەسەرۆکی هەرێم. لە سەرەوە باسی ئەوەم کرد حزب خاوەنی میلیشیا نەبێت، جگە لەوەی من باسی دەنگ دان ناکەم، باسی هەڵبژاردنی ژنێك ئەکەم لەلایەن باشورەوە بە مەرجێك هەموویان هاوکاری بکەن و ئەویش ئەو هەموو نالەباریەی ئەوان زیاتر لە ٢٥ بیست و پێنج ساڵە دروستی ئەکەن ڕاست بکاتەوە، دەنا بەدەنگدان کەس دەرناچێت، حزبەکانیش دەرناچن. نەک تەنها لە بەر ئەوەی حزبەکان ساختە ئەکەن لە دەرئەنجامی

هەڵبژاردنەکاندا، لە بەر ئەوەی هاووڵاتیانیش تەنها موریدن، مەسعود محەمەد وەتەنی لەوانەیە موریدێک خۆی بە قوربانی شێخەکەی بکات بەڵام ئامادە نیە گیسکێک بە قوربانی وڵاتەکەی بکات. بەرژەوەندی کوردستانیان لا نەچەسپیوە، جگە لە بەرژەوەندی ناوە سیاسیە بە شێخی عەشیرەت بووەکان .لە سەروو هەموو ئەمانەشەوە پەیوەندیە دپلۆماسیەکان لەگەڵ ڕوسیا و ئیسرائیل باشترر ئەبێت لە ئێستا.

## بۆچی ئیسرائیل؟:

پێشتر باسم لەوە کرد کە مەرجە ئیسرائیلش پشتگیری فەرمی سەربەخۆیی کوردستان بکات بۆ ئەوەی سەربەخۆ بێت. نکولیش لەوە ناکرێت چەندین ساڵە ئیسرائیل ئەگەر بەڕاستی نەک وەکو بە کارت بەکارهێنان پشتگیری کوردی بکردبا ئێستا دەمێکە دەوڵەت بوو. لێرەدا ناچمە سەر خاڵە نەبینراوەکان لای خەڵک بە گشتی، چونکە دوای دوو سەرە، وەکو نیونەزی کارەکتەری چیرۆکەکەی هەربەرت جۆرج وەڵسم لێ دێت کە لە کۆمەڵە چیرۆکی وڵاتی کوێراندا بەرجەستەی کردووە و کاتێک بە هۆی ڕووداوێکی نەخوازراوە و ئەکەوێتە وڵاتێک هەموو دانیشتوانی کوێرە و باسی بینین و حیکمەتی بینیان بۆ ئەکات هەموو بە شێت و خەڵەفاوی هەژمار ئەکەن و پێیان وایە ئەو گەوجیەتی ئەیکاتە بە هۆی چاویەوە تووشی بووە، چاوی بۆ دەرئەهێنن.(Wells,1911). وە بۆ ئەوەش لە دوازدە هەزار وشە یە بۆ گۆڤاری پرۆفیشناڵ لە دنیادا دانراوە نەچمە دەر بۆ تەواوکردنی ئەم بابەتە ناچارم ئەمەش بە کورتی و بە خاڵ بخەمە روو. بۆ ئەوەی لایەنە کولتووری و سایکۆلۆژیەکان کورتتر و کارگەرتر بکەن لێرەدا میتۆدی ئۆتۆبایگرافی کە لە ئامانجەکاندا باسم کردووە بە کار ئەهێنم.

١- مێژوو و سروشتی ژیانی کورد و جولەکە هاوشێوەن، چ لە ڕووی دژایەتی نێو دەوڵەتی و جینۆساید و سروشتی کێشەکانیش تا ڕادەیەک. لە ڕووی سەربەخۆیی و دروستبوونی دەوڵەت، چارەسەرەکانیشیان بە هاوشێوە ئەکرێت. بە مەرجێک ئەو ئەزموونەی ئەوان بە وردی شرۆڤە بکرێت و ئامادەکاری بۆ بکرێت.

٢- ئەگەر ئیسرائیل بە وەعدی دیوەخان نا بە فەرمی و بە پرۆتۆکۆل پشتگیریی کوردستان بکات، پێنج وڵاتی عەرەبی بە خۆشی نا بەناچاری پشتگیری لە کوردستان ئەکات. جگە لەمان، لەوانەیە ئێران هەڕەشە بکات بۆ ئەوەی

چاوترسێنی دروست بکات، بەڵام گەر دڵنیا بێت ئیسرائیلی لە پشتە ناتوانێت فشاری زۆر دروست بکات، چونکە خۆیان دوو ساڵە هەوڵی نزیک بوونەوە لە ئیسرائیل ئەدەن و ئەمە بۆ تورکیاش هەر راستە.

٣- لە رووی ڕۆژئاواشەوە زۆربەی ڕاوێژکاران و بڕیاردەرانی دنیای ڕۆژئاوا جولەکەن. سروشتی جولەکەش بەو شێوەیەیە لە هەر کوێی دنیا بن، بۆ هەر کەس کار بکەن ، تەنانەت کاتێک ئەندامی حزبێکی دژە جولەکەش بن، پشتگیری دەوڵەتی ئیسرائیل ئەکەن ئەگەر بە ئاشکراش نەبێت.

٤- پەیوەندی ئەمریکا لە گەڵ ڕوسیا، سین و کۆریای باوکور و و ئەمەریکای لاتینیش خراپە، ناکرێت ئاستی ستراتیژییان هێندە لاواز بێت لەگەڵ ئیسرائیلیش پەیوەندی خۆیان تێک بدەن لەبەرئەوەی پشتگیریی کورد ئەکات. بۆیە پشتگیری ئیسرائیل بۆ کوردستان لە ڕووی متمانە و ڕازیکردنی ئەمریکاشەوە گرنگە ، چونکە پەیوەندی ئەمەریکا خۆی لە هەموو دۆخێکدا ئەمەریکا خۆی هیچ متمانەیەکی پێ ناکرێت. .جگە لەوەی لە هەموو دۆخێکدا لەبەرئەوەی نەوتی عێراق لە کوردستاندایە ناتوانن دەستبەرداری کورد بن، لە بنەمادا کورد کارتەکەیە، هەڵەش ئەوەیە بە کارتێکی بێ بالآنس بەکارهێنراوە. هەڕەشەی و تورەیی تاک لایەنەش هیچ بەها و بالآنسێک ناخاتە سەر کارتی کوردی.

٥- لە ڕوی بوونیادی نەتەوە و ڕۆحی ئنتماوە ئیسرائیل ئەتوانێت وانە بە هەموو جیهان بڵێت. هیچ مرۆڤێک لە دنیادا هێندەی مرۆڤی جولەکە پابەندی ئیسرائیل و مرۆڤی خۆی واتە جولەکە نیە. تەنانەت ئەگەر ئەو جولەکەیە هەرگیز ئیسرائیلیشی نەبینبێت. کورد بە هاوولاتی و دەسەلاتەوە پێویستە ڕاهێنانی لە سەر ئنتمای خاک و خۆشەوسیتنی تاکی و کوردی پێ بکرێت لە سەر ئەو ڕێڕەوەی ئەوان سوودیان لێ بینیوە.

لێرەدا چیرۆکی ساراتان بۆ باس ئەکەم، کە لە سەفەرەکەمدا لە ئیسرائیل ناسیم. ئەو بە ڕەگەز جولەکەی ئەورووپی بوو، لە بەریتانیا گەورە بوو بوو، بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا هاتبوو بۆ ئیسرائیل بۆ سەردانی یەکێک لە کوڕەکانی کە ماوەی ساڵێک بوو لە ئیسرائیل کاری دۆزیبووەوە. سەردانی کارگەیەکی دروستکردنی ئەڵماس و ئاڵتونمان کرد. لەوێ پارچەیەک ئاڵتوونی بۆ بوکەکەی کڕی. هاوسەری کوڕێکی دیکەی کە لە بەریتانیا ئەژیان، کە سەیری نرخەیکمان کرد سەروو دوو سەد دۆلار

لە نرخی هەمان پارچە ئاڵتوون، بە هەمان کێش گرانتر بوو بەراورد بە بەریتانیا. لێم پرسی کەواتە بۆچی لێرە ئەیکڕیت؟ وتی، چوونکە لێرە پارەکە بۆ خەڵکەکەی خۆمە، لەوێ بۆ ئەوان نیە، بۆیە با گرانتریش بێت لێرە ئەیکڕم. من لە بەر ئەوەی هاوڕێ جولەکەم زۆر بووە، ئەمزانی ئەوە وەڵامەکەی ئەبێت، بەڵام لە هەموو هەلێکیشدا هەوڵ ئەدەم دڵنیای بمەوە لە وەڵامی چوون یەکیان.

هاووڵاتیی کورد بۆ ئەوەی ئازاد بێت پێویستی بە خۆشەوسیتی دوو جەمسەرە، وەریبگرێت و بیشیداتەوە بە نیشتمانەکەی. پێویستی بە ئاشتکردنەوەیە لەگەڵ نیشتمانەکەی خۆیدا تەنانەت لە گەڵ شمەک و دیوار و پەنجەرە و دەرگاکانیشدا. مرۆڤی پاش کارەساتەکانی جینۆساید و شەڕ و کۆڵۆنیالیزم و دەرهاویشتە کوشندە دەروونی و کۆمەڵایەتی و کولتووریەکانیەتی. چارەسەری بەشێکی زۆری ئەم لایەنانەش بە ئنتما نیشتمانێکە چارەسەر ئەکرێت. مرۆڤی جولەکەش لە ئێمە خراپتریان بینی، هەموو نەخۆشیەکانی ئێمەشیان هەبوو، بەڵام چونکە خەڵکی ڕاست پێشەوایی کردن ئەمڕۆ لە هەموو کەس تەندروستترن لە هەموو ڕویەکەوە، لە هەموو کەسیش داهێنەرترن. بۆیە پێویستە لە نزیکەوە و بەڕاوێژ سوود لە ئەزموونەکیان وەربگیرێت بۆ ئەوەی هاووڵاتی کوردیش تەندروست بکرێنەوە. بۆ ئەوەی ئەم خاڵەش بگونچیت خاڵی داهاتوو (٦) گرنگترینە.

٦- دەسەڵاتی کوردی نەک تەنها بۆ ئاسایشی خۆی بەڵکو بۆ ئەوەی پشتگیری نێو دەوڵەتی بکرێت، پێوسیتی بەوەیە لە ئیسرائیلەوە فێری خۆشەویستی هاولاتیانی کورد ببێت. لە بەر ئەوەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا زۆر لە سەر ئەم مەسەلەیە دواوم. لێرەدا لە نێوان ئەو سەدان چیرۆک و گفتوگۆی من لەو هەموو کۆنفراس و سەفەرانەدا هاتوونەتە ڕێگەم دیسان نمونەی مرۆڤێکی سیاسی ئیسرائیلی زۆر دڵسۆزی کورد ئەم خاڵە کۆتایی پێ ئەهێنم. لە میانەی گفتوگۆکە بۆچی مەیلداریی کورد بۆ جولەکە هەیەتی، جولەکە بە هەمان کێش و بە فەرمی نیەتی بۆ کورد. ئەو وتی، "ئێوە بڕۆن لە ناوخۆتاندا ڕێک بکەون، یەکتان خۆش بوێت، ئەوسا ئێمەش پشتگیرتان لێ ئەکەین... پاشان وتی ئێمە ئەگەر هاووڵاتییەکی جولەکە یان دانیشتوویەکی ئیسرائیل لە دوورترین و سەخترین چیاکانی دنیا بگیرسێتەوە، سەرۆکی ئیسرائیل فرۆکەیەک بە تایبەت ئەنێرێتە ئەو چیا دوورە بۆ ئەوەی هاووڵاتییکە ڕزگار بکات. بۆیە ئێمەش هەموو خۆشمان ئەوێت و کاری بۆ ئەکەین...

سەرۆکی ڕابردوو و ئێستا و داهاتووش هەر وا ئەبێت. ئایە مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی ئەمە بۆ ئێوە ئەکەن؟" ئەو خۆی وەلامی هەبوو، زۆر جار سەردانی کوردستانی کردووە.

٧- بۆ ئەوەی پەیوەندی ڕاستەقینە دروست ببێت، کورد هێندە زیادەڕۆیی لە پشتگیریی ساختە لە وتەکانی بەرپرسانی ئیسرائیل نەکات. چونکە ئەوەی میدیاکانی حزبی کوردی لە سەر دەسەڵاتدارە ئیسرائیلیەکان ئەیڵێت ڕاست نین، بە دەیان وتە و پشتگیری ساختەیان بە ناوی دەسەڵاتداری ئیسرائیلیەوە بڵاوکردوەتەوە کە لە ژیانیدا شتی وای نەوتووە. نەشیاوتریش لە کێشی ساختە و درۆ ئەوەیە ڕاگەیەنراوی ساختە بە ناوی ژنە دەسەڵاتدارە جوانەکانیان زیاتر دروست ئەکەن، گوایە پشتگیری کورد ئەکەن. ئەمە تەنها بۆ ئەوان و دونیاش کولتوور و بەهرەی سیاسی و جێگەی شیاوی عەقڵی کورد پێشان نادات ، دوژمنی ناوچەییشی بۆ دروست ئەکات. لە لایەکی دی هەمان چیرۆک داوا لە کورد ئەکات هەندێک باوەڕ بە دپلۆماسی ناوخۆ بهێنێت و بەهرەی تیدا پەیدا بکات، چوون ئەو جۆرە هەواڵە ئەکرێت لە لایەن جاش و بەرێگیراووەو بکرێن، نەک لە لایەن خەڵکی دڵسۆزەوە با بەرپرسی میدیای حزبێکی گەورەش بێت. بەلام بێ دەنگی و پشتگیر بە سەر هەموانیدا ئەهێنێت. ئەگەر حزب خۆشی ئاگای لەم هەولانەیە و گوایە بۆ ورە بەرزبوونەوە و خۆ بە کوشتدانی کوردی بڵاو ئەکاتەوە، ئەمە دپلۆماسیەتێکی دۆراوە، چونکە ئەوەندە زیانی بەر ئەکەوێت بە هەواڵی ساختە بە ناوی ئیسرائیلەوە، ئەوەندە سوودی بەر ناکەوێت.

٨- ئەوەندە ڕێگە بە داعشی ناوخۆ نەدەن بەرگری لە عەرەب بکات و دژی ئیسرائیل بوەستێت، بە تایبەت ئەو خۆفرۆشانەی کورد هان ئەدەن بچێت شەڕی فەلەستین بکات گوایە کوردی لە دەیان لاوە دۆراو ئەتوانێت فەلەستین بۆ عەرەب بگەڕێنێتەوە و ئەو ڕزگارکار و فریادڕەسە. واز لە داتاشینی کارەکتەری وەهمی بهێنن و لەوەش تێبگەن کە عەرەب و ئیسرائیل ئەو قەیران و کێشانەیان تەنها لە میدیادا هەیە و لە پشتی پەردەوە دەیان کۆنتراکتی بازرگانیی گەورە لە نێوان ئیسرائیل و عەرەبدا هەیە، ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی عەرەبی ئەگەر ئیسرائیل کارەبا و شمەکیان نەداتێ ژیانیان ڕەوتی ئەگۆڕێت. ئیسرائیل و ڕوسیا بە هۆی

ڕادیکاڵ بوونی کورد لە مەسەلەی ئاییندا متمانەیان بە کورد نەکردووە تا وەکو نەتەوەیەکی نیشتمانپارێز مامەڵەی لەگەڵ بکەن.

٩- بە سەدان جولەکەی پسپۆڕ و خاوەن بڕوانامەی باڵا لە خوارووی ئەمەریکادا ماوەی سێ ساڵە زۆر بە چڕی کار لە سەر لێک نزیک بوونەوە و 'برایەتی' و 'خوشکایەتی' ئیسلام و جولەکە ئەکەن. ئەوە ناوی هەندێک لە پرۆژەکانیانە. ئەم دیاردە بەو چڕییە پێویستە بە هەند وەربگیرێت و دووجار بیر بکەیتەوە.

لە سەروو ئەمانەوە کورد چاکترە ئەجندای ڕۆژئاوا بخوێنیتەوە لە ڕووی چۆنیەتی و چیەتی بیانوەکانیان سەبارەت بە دروستبوونی کێشەکانی ئەمڕۆ. بە جۆرێکی دی، هەرچی عەرەب و ئیسلامی لە دنیادا ناشیرین کردووە، سیاسەت و کۆمەڵگەی کوردی لە ڕووی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتیەوە پێچەوانەکەی بکەن.

## کۆبەند:

کورد میللەتێکە هێشتا نەچووەتە ناو مێژووەوە. کوردی باشوور لەپاش ڕوخانی سەدام و زیاتریش پاش دەرکەوتنی داعش هەلی بۆ ڕەخساوە لە بەردەرگای مێژودا بوەستێ و چۆنیەتی و قۆستنەوەی هەلەکان تا ئێستا هەر لەوێدا هێشتویەتیەوە. هۆکارەکانیشی هەندێکی دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی باڵانسی هێز لە ڕۆژهەڵاتدا لە لایەن ڕۆژئاواو و زیرەکی نەیارانی کورد لە چۆنیەتی بەکارهێنانی دپلۆماسیەیتی فرە ڕەهەندا. بەڵام زیاتر پابەندە بە نەبوونی بەهرەی دپلۆماسی و ستراتیژیی سیاسی دانایانەیە و ناڕاستی لەگەڵ نیشتمان و خیانەتی ناوەکی. ئەمەش هەندێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونەکردنی دەوڵەتی نەتەوە کە دپلۆماسیەت و ستراتیژیی 'مەزن' داهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیە، زۆرتریشی ئەگەڕێتەوە بۆ نەزۆکی تێگەشتن و خۆخوێندەوارنەکرنی سیاسەتوانی کورد لە بوارەکەی خۆیدا، نەبوونی مرۆڤی شیاو لە شوێنی شیاودا. لە سەروو ئەمانەشەوە لە بری یەکبوونی ماڵی کورد بەرهەم هێنانی زۆرترین ڕک و فۆبیا بەرانبەر یەک و دووبەرەکی لەناوخۆدا. بە ئاستێک هیچ بوارێک بۆ خۆشەویستنی یەکتر نەماوەتەوە لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا، ئەمەش وایکردووە لە هەموو ئامانجێکدا دۆڕان بە دەست بهێنێت و بە زیان بە سەر بەرهەمهێنەرانی ئەم کولتوورە خۆیدا بشکێتەوە.

هەنوکە بە تورەیییەکی زۆرەوە مەسعود بارزانی فەرمانی ڕەفراندەمی ڕاگەیاندووە و پێداگری لە سەر ئەکات. دەرئەنجامەکانی ئەم تورەبوونە کورد لە ئاراستەی مامناوەندا ناهێڵتەوە، یان دەیباتە ناو مێژووە و بکەرانی دەبن بە پاڵەوانی ناو ئەو مێژووە و یان فرێمان دەداتە دەرەوەی دەرگای مێژوو بۆ دەیان ساڵی دی ناگەینەوە هەمان ئاست. ئەگەر تورەبوونێکی ستراتیژی و شرۆڤە کرابێت، تورەبوونی ناسینی قەیرانەکان و چارەسەرەکانی بێت، هەر ئەو ناسینە ئەبێت هەنگاوە لە پێشینە ستراتیژی و دپلۆماسی و نێو دەوڵەتی و ناوخۆیەکانی ناساندبێت و هەنگاوی لە پێشینەی بۆ هەڵگیرابێت بەر لە ئاشکراکردنی. هەنگاوەکانیش مەرجە بریتی بن لە هەڤاڵبەندی یەکەم لە ناوخۆدا و دواییش لەگەڵ وڵاتانی زلهێزدا بە تایبەت ئەمەریکا و ئیسرائیلی تێدا بێت. ئەم کۆبەندییە مەرجە بەپێی پرۆتۆکۆڵی نووسراوبێت، دەنا ئومێد و کارەکانی رابوردووش دوونیە بکاتەوە بە سفر.

**تێبینی:** ١- لە کۆتایی ئەم بابەتەدا هەندێک پەلەی پێیوە دیارە و بابەتەکە بە خێرایی تەواو ئەکەم چونکە ئەم بابەتە بە بێ سەرچاوەکان ١٢هەزار وشەیە و ئەو برەش بەرزترین ڕێژەیە کە گۆڤارێکی پرۆفێشناڵ ڕێگەی پێدەدات لە ڕۆژئاوادا. من کە ڕەخنەگری کولتووری ڕۆژئاوام لە مامەڵەی بڵاوکردنەوە و نووسیندا نامەوێت خۆم پابەند ئەو لایەنە پرۆفیشناڵانە نەبم.

٢- داوای بەخشین ئەکەم گەر هەڵەی تایپی زۆر تێدا بێت، بە تایبەت دەستێکم خێراتر ئەنووسێت لەوی دیکە. پاش ئەو کارەساتەی بەسەر کورد هات لە کەرکوک ورەم نەما پێاچوونەوەی زمانەوانی بکەم و چەند ڕۆژێشە بە نیازی بڵاوکردنەوەی نەمام لە بێ ئومێدیم بە کورد، بە نووسین و خۆم خۆری و دنیای نووسین . بەڵام زۆر بابەتم فەوتاوە نەمویست ئەمیش بفەوتێت.

کۆتایی

**********

**سەرچاوەکان:**


- Beck, U. (1992), Risk Society. London: Sage.
- Bourdieu, P. (1989). Social Space and Symbolic Power. Sociological Theory, Vol. 7, No. 1 pp. 14-25.
- Bruinessen, M. Van (1992). Agha, Shaikh and State - The Social and Political Structures of Kurdistan. London: Zed Books.
- Clinton, W. (1999). Public Papers of the Presidents of the United States:
- Demakis, J. (2012). The Ultimate Book of Quotations. CreateSpace Independent Publishing Platform.
- Ferguson, Y. &. Mansbach, R. (2012) Globalization: The Return of Borders to a Borderless World? New York: Routledge
- Ferguson, H.Y and. Mansbach W.R. (2017). worlddometershttp://www.worldometers.info/geography/how-many-countries-are-there-in-the-world.
- Fortner, R.S. and Fackler, M. (2014). The Handbook of Media and Mass Communication Theory, 2 Volume Set. Hoboken, New Jersey: Wiley-.Blackwell
- Foucault, M. (1991). Discipline and Punish: the birth of a prison. London: Penguin.
- Foucault, M. (1991). Discipline and Punish: the birth of a prison. London: Penguin.
- Foucault, M. (1998). *The History of Sexuality: The Will to Knowledge*, London: Penguin.
- Giddens, A. (1991). Modernity and Self-Identity Self and Society in the Late Modern Age. Redwood: Stanford University Press.
- Gunter, M. (2007) The Evolution of Kurdish Nationalism, Costa Mesa, CA, Mazda Publishers.
- Halsell, G. (1989). Prophecy and Politics: The Secret Alliance Between Israel and the U.S. Christian Right Paperback.
- Harvey, D. (1989). From Managerialism to Entrepreneurialism: The Transformation in Urban. In Governance in Late Capitalism. Geografiska Annaler. Series B, Human Geography, Vol. 71, No.1, The Roots of .Change: 1973 to the Present. (1989), pp. 3-17 Geographical
- Held, D. (1995). Cosmopolitanism: an agenda for a new world order. Cambridge, UK Malden, Massachusetts: Polity Press.
- Heywood, A., (1992). Political Ideologies: An Introduction. London: Palgrave Macmillan
- Humes, J. C. (2007). The Wit & Wisdom of Winston Churchill. New York: Harper Perennial

- Kennedy, P. (2010). The Rise and Fall of the Great Powers. New York: Vintage.
- Keating, M. (ed.) Paradiplomacy in Action: The Foreign Relations of Subnational Governments. London: Frank Class.
- Jwaideh, W. (2006). The Kurdish National Movement Its Origins and Development, Syracuse University Press, Inc.
- Lynn Hunt, L; Martin, T.; Rosenwein, B.; Po-chia Hsia, H.; Smith, B. (2002). The Making of the West, Vol. 2. Bedford/St. Martin's; Concise .edition
- McDowall, D. (2004). A Modern History of the Kurds, 3rd ed, I.B Tauris & Co Ltd.
- McPherson notes that his term "national strategy" might also be called "grand strategy." James M. McPherson, *Tried by War: Abraham Lincoln as Commander in Chief* (New York: Penguin Press, 2008), p. 5.
- Nakash, Y. (2011). Reaching for Power: The Shi'a in the Modern Arab World. Princeton University Press.
- Strange, S. (1988). States and markets. London: Pinter Publisher
- Steger, U. (2003). Corporate Diplomacy: The Strategy for a Volatile, Fragmented Business Environment1st Edition. Hoboken: Wiley.
- Parker, R.B. (2009). Growth of Diplomacy and Negotiation Skills at the Strategic Level FORMAT: Strategy Research Project.
- Tony Blair (2010) A Journey: My Political Life. London: Vintage.
- Well, G.H. (1911). The Country of the Blind and Other Stories. United Kingdom: The New Machiavelli

کوردیەکان:

**مامۆستا مەسعود محەمەد و مامۆستا شکور مستەفا دیدارێکی تایبەت لە ساڵی 1998 لەبارەی نەتەوەی کوردەوە.**

**https://www.youtube.com/watch?v=m5jZ9svnFFE**